دابینکردنی مافه نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا

کوردستان

ژمارە: ٤٥٣
چوارشەمە
٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٥
١٧ی ژانویەی ٢٠٠٧
١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

www. kurdistanukurd.com

هوشیار زێباری، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق

نە ئێرانی‌یە گیراوەکان دیپلۆماتن، نە بنکەکەیان کونسولگەری‌یە

رۆژی ٢١ی بەفرانباری ئەمساڵ (١٢ی ژانویەی ٢٠٠٧)هێزەکانی ئامریکا هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی رێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و ٦ کەس لەوانەی لەوێ کاریان دەکرد، هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەنامەو کەلوپەلی کارپێکردنی ئەوانیان لەگەڵ خۆیاندا برد. وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئەم بنکەیەی خۆی وەك کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامی‌و گیراوەکانیشی وەك دیپلومات ناساندو ئیددیعای کرد کە ئامریکا رێوشوێنە دیپلوماتیك‌و نێونەتەوەیی‌یەکانی لەژێر پێناوە. بەڵام کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئامریکا ئەم ئیددیعایەی رێژیمی ئێرانیان رەت کردەوەو گوتیان، ئەوانەی گیراون ئەندامی سوپای قودس بوون کە دەستیان لە رێکخستنی چالاکیی تیرۆریستی لە نێو خاکی عێراقدا هەیە.

هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقیش، رۆژی یەکشەممە ٢٥ی بەفرانبار ئیددیعای کاربەدەستانی ئێرانی رەت کردەوەو گوتی، ئەو بنکەیەی ئێران لە هەولێر دەفتەرێکی راوێژکاری بووە نەك کۆنسولگەری، بۆیە بە نووسینگەیەکی دیپلوماتیك دانانرێ. پێنج ئێرانی‌یە گیراوەکەش، ویزای دیپلۆماتیکیان نیەو تەنانەت کارتی پێناسێکی ئەوتۆیان پێنیە کە نیشان بدا سەر بە وەزارەتی دەرەوەن.

بەهۆی ئەگەری هەبوونی جەعفەری سەحراوودی لەنێو گیراوەکانی هەولێردا :

وەزارەتی دادی ئوتریش داوای تەحویلدرانی قاتڵی د. قاسملوو لە ئەمریکا و حکوومەتی عێراق دەکا

سەحراوودی بکوژی دوکتور قاسملوو لەنێو گیراوەکانی بنکەی ئێران لە هەولێر دایە

کوردستان‌و کورد: بە پێی راپۆرتێك کە رادیۆ تەلەڤزیۆن‌و رۆژنامەکانی ئۆتریش رۆژی سێشەممە ١٦/١/ ٢٠٠٧ بڵاویان کردۆتەوە، یەکێك لەو چەند کەسە ئیتلاعاتی‌یە کە لە هێرشی ئەمریکاییەکان بۆ سەر بنکەی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێردا گیراون محەممەد جەعفەری سەحراوودی یەکێك لە قاتڵەکانی رێبەری شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو هاوڕێکانیەتی.

وەزارەتی دادگوستەریی ئوتریش لە بەیاننامەیەك دا ئاشکرای کردوە کە هەر چەند تا ئێستا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە کە سەحراوودی یەکێك لە گیراوەکانە یان نا، بەڵام داوای لە هەر دوو دەوڵەتی ئەمریکاو عێراق کردوە ناوبراو لە دەستی هێزەکانی هەرکامێکیان دابێ تەحویلی ئوتریشی بدەنەوە، چونکە ناوبراو تاوانی قەتڵی لە سەرەو تاوانی لەو بابەتەش بە پێی قانوونی ئەم وڵاتە بە تێپەڕینی رۆژگار پاك نابێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە یەك دوو رۆژ پێش پەلاماری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکەی پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر بە رەسمی راگەیاندرا کە سەحراوودی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوەو چاوی بە بەرپرسانی هەرێم کەوتوە.

هیوادارین ئەم هەواڵە دروست بێ‌و سەحراوودی بدرێتە دادگا بە تاوانی کوشتنی رێبەری حیزبی دیموکرات‌و شەهیدان عەبدوڵڵا قادری نوێنەری ئەوکاتی حیزب لە ئوروپا‌و دوکتور فازیل رەسوڵ دادگایی بکرێ‌و سزای شیاوی خۆی وەربگرێ.

هەرچەند بە قسەی بەڕێز وشیار زێباری وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق کردوە ناوبراو لە دەستی هێزەکانی هەرکامێکیان دابێ تەحویلی ئوتریشی بدەنەوە، چونکە ناوبراو تاوانی قەتڵی لە سەرەو تاوانی لەو بابەتەش بە پێی قانوونی ئەم وڵاتە بە تێپەڕینی رۆژگار پاك نابێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە یەك دوو رۆژ پێش پەلاماری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکەی پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر بە رەسمی راگەیاندرا کە سەحراوودی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوەو چاوی بە بەرپرسانی هەرێم کەوتوە.

هیوادارین ئەم هەواڵە دروست بێ‌و سەحراوودی بدرێتە دادگا بە تاوانی کوشتنی رێبەری حیزبی دیموکرات‌و شەهیدان عەبدوڵڵا قادری نوێنەری ئەوکاتی حیزب لە ئوروپا‌و دوکتور فازیل رەسوڵ دادگایی بکرێ‌و سزای شیاوی خۆی وەربگرێ.

هەرچەند بە قسەی بەڕێز وشیار زێباری وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق کردوە ناوبراو لە دەستی هێزەکانی هەرکامێکیان دابێ تەحویلی ئوتریشی بدەنەوە، چونکە ناوبراو تاوانی قەتڵی لە سەرەو تاوانی لەو بابەتەش بە پێی قانوونی ئەم وڵاتە بە تێپەڕینی رۆژگار پاك نابێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە یەك دوو رۆژ پێش پەلاماری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکەی پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر بە رەسمی راگەیاندرا کە سەحراوودی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوەو چاوی بە بەرپرسانی هەرێم کەوتوە.

هیوادارین ئەم هەواڵە دروست بێ‌و سەحراوودی بدرێتە دادگا بە تاوانی کوشتنی رێبەری حیزبی دیموکرات‌و شەهیدان عەبدوڵڵا قادری نوێنەری ئەوکاتی حیزب لە ئوروپا‌و دوکتور فازیل رەسوڵ دادگایی بکرێ‌و سزای شیاوی خۆی وەربگرێ.

هەرچەند بە قسەی بەڕێز وشیار زێباری وەزیری کاروباری دەرەوەی

وینە: مالپەری رێنێسانس

عێراق دەفتەری نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر کۆنسوولگەری نەبووەو گیراوەکانیش دیپلۆمات نەبوون، بەڵام ئەگەر ئەوانی دیکەش بیانوویەکی وا بۆ ئازاد کردنیان دابتاشرێ، سەحراوودی ناتوانێ کەڵك لەو ناوە وەربگرێ، چونکە ناوبراو بە تاوانی قەتڵ حوکمی نێونەتەوەیی گیرانی بۆ دەرچووە.

دیك چێنی :

کۆماری ئیسلامی دەبێ واز لە ئاژاوە نانەوە بێنێ

دیك چێنی، جێگری سەرکۆماری ئامریکا لە وتوێژێك لەگەڵ تۆری هەواڵنێری " فاکس نیوز"دا داکۆکیی لە هێرشی هێزەکانی ئامریکا بۆ سەر بنکەی ئێران لە هەولێر کرد و گوتی ئێرانییەکان یارمەتیی بەرهەڵستکارانی نێو عێراق دەدەن‌و گرفت بۆ عێراق ساز دەکەن. ئێمە نامانەوێ ئێرانی‌یەکان کاری ئەوتۆ بکەن کە بارودۆخی ناوخۆیی عێراق تێك بدا. دیك چێنی رێژیمی ئێرانی وەك هەرەشەیەکی چەند رەهەندی‌و روو لە زیادبوون ناوبردو گوتی: بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێران‌و پشتیوانی ئەم رێژیمە لە گرووپە تیرۆریستیەکان بووە بەهۆی نیگەرانیی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست‌و ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا.

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە کۆشکی سپی بە گرتنی کاربەدەستانی ئێرانی لە عێراق‌و هاوکات گەمارۆ خستنە سەر بانکەکانی ئێران‌و ناردنی ناوی فرۆکە هەڵگر بۆ کەنداوی فارس دەیەوێ چ پەیامێك بۆ ئێران بنێرێ، گوتی: پەیامیك کە سەرکۆماری ئامریکا بۆ ئێرانی ناردووە ئەوەیە واز لە تێکدانی سەقامگیری ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەراست بێنێ. چینی گوتی: ئێران نابێ بێڵێ مەئموورەکانی سنوور ببەزێنن، ئێرانی‌یەکان لە دانانەوەی بۆمبەکانی قەراغ رێگاکاندا رۆڵێکی گرینگیان هەبووە. ناردنی ناوی فرۆکە هەڵگریش بۆ کەنداوی فارس بەو مانایەیە کە ئامریکا پابەندە بە دابینکردنی ئاسایشی دۆستانی لە ناوچەدا.

ماڵپەری: ایران امروز

سەردانی سێ پارتی باکووری کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

کوردستان‌و کورد: رۆژی ١٣٨٥/١٠/٢٠ شاندێك پێك هاتوو لە سێ پارتی باکووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری کۆیە کرد. ئەندامانی ئەم شاندە کە پێك هاتبوو لە بەرێزان مەسعوود تەك (سەرۆك)و نورالدین، ئەندامی دەفتەری سیاسی لە پارتی سۆسیالیستی کوردستان، رۆژهات ئامێدی (سکرتێر) و نێچیر جزیری ئەندامی دەفتەری سیاسی لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور، هەڤال بۆتان (سەرۆك)و ئەکرەم، ئەندامی دەفتەری سیاسی لە پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی (P.W.D) لەلایەن بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حسن زادە، کاك مستەفا مەولوودی‌و کاك جەلیل گادانی بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا. لەم دیدارەدا شاندی میوان وێڕای دەربڕینی پێناخۆش بوونی خۆیان لە لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە هەنگاوێك لە راستای هێور کردنەوەی دۆخەکەو پێك هێنانی فەزای تەبایی‌و برایەتی دەربڕی.

لە رێورەسمێك دا رێز لە یادی دە ساڵەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرا

کوردستان و کورد: بە مەبەستی رێزگرتنەوە لە یادی ١٠ ساڵەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات رۆژی سێشەممە ١٩ی بەفرانبار رێورەسمێکی بە شکۆ بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی کەمپەکانی حیزب بەڕێوە چوو. ئەو رێورەسمە کە لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ناوچەی کۆیە بەڕێوەچوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوەیی و رێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر کاك مستەفا مەولوودی بەم بۆنەیەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی خوێندەوە. لە بڕگەکانی دیکەی رێورەسمەکەدا ئەو بابەتانە پێشکەش کران: پارچە شێعرێکی مامۆستا پەیمان لەلایەن کاك رەسوڵ سوڵتانی، وتارێك لەلایەن کاك قادر وریا، پارچە شێعرێك لەلایەن مامۆستا بێبەش، پارچە شێعرێك لەلایەن کاك ئەحمەد قادری، پەخشانێك لەلایەن کاك رەزا ئەمینی. ئەو رێورەسمە کاتژمێرێك درێژەی کێشاو لە نێو شادی‌و خۆشحاڵیی بەشداربووان دا کۆتایی پێهات.

بەیاننامە

بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی هوشیارو خەباتگێڕی کوردستان!

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

٦١ ساڵ پێش ئێستا‌و لە رۆژی ٢ی رێبەندان دا، کوردستانی تامەزرۆی رزگاری‌و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان، بە قۆناخێکی مێژوویی‌دا تێپەڕین‌و، رووداوێکی مەزنیان ئەزموون کرد کە بۆ هەتا هەتایە لە سەربردەی تەمەنیاندا تۆمار کرا. رۆژی ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد، پێشەوای ئازادی‌و کوردایەتی، قازی محەممەدی زانا، مزگێنی‌یەکی بە نەتەوەکەی دا کە پێشتر لە خەون‌و خۆزگە بەدەر نەبوو، ئەویش مزگێنیی پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی کوردی بوو، موژدەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کۆمارێك کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا. لە راستی‌دا کۆمار بەرهەمی گەشەی ناسیۆنالیزم‌و هوشیاریی نەتەوەیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان‌و دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکردبوو. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان ئاکامی دروست بوونی حیزبێکی سیاسیی مۆدێرن بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە خۆی بەرهەمی گەشەی شارستانییەت‌و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بوو. ئەگەر بە خێرایی چاوێك بە سروشتی کۆمەڵەی (ژ ـ ك)،و دواتریش حیزبی دیموکراتدا بخشێنین، جیاوازیی ئەم رەوتە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیان بە روونی بۆ دەردەکەوێ. بە پێچەوانەی هەموو راپەڕینە رزگاریخوازییە کوردییەکانی پێش کۆمار کە زۆربەیان یان لە سەر دەستی میرو سەرۆك هۆزەکان دادەمەزران یان رێبەرانی ئایینی هۆکاری پێکهاتنیان بوون، پێکهێنەرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) کۆمەڵێك روناکبیری نێو جەرگەی ورده بورژوازیی شاری بوون کە توانیان بزووتنەوەی کورد بۆ یەکەم جار بە رێبازی ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرندا بەرن، هەر چەند بە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان‌و پیاوە ئایینییەکانیش تێکەڵ بەم بزاڤە بوون‌و تەنانەت هەندێکیشیان وەك پێشەوای نەمر لە ریزی هەرە پێشەوەی حیزب‌و کۆماردا جێگایان گرت. بەڵام رەوتی بەڕێوەبەریی حیزب‌و کارەکانی کۆمار ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا کە ئەو توێژانە نەك هەر نەبوون بە رێگر لە بەر دەم نوێبوونەوەو پێشکەوتنی بزووتنەوەکەدا، بەڵکوو زۆر دەسکەوت‌و دیاردەی نوێتریشیان بەرهەم هێنا، کە ئەمەش راست دەگەڕێتەوە بۆ زانایی پێشەوا قازی‌و گۆڕانی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی شۆرش‌و هێژێمونیی گوتاری روناکبیران‌و گەشەی شارستانییەت لە کوردستان دا. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە کۆماری کوردستان‌و تەنانەت (ژ ـ ك)و حیزبی دیموکراتیش بەرهەمی هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان‌و دەسکردی یەکیەتیی سۆڤیەت بوون. پێویستە بگوترێ کە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر شۆرش یا بزووتنەوەیەك، لەگەڵ لەباربوونی بواری نێوخۆیی وەك ئاستی هوشیاریی خەڵك‌و لێهاتوویی رێبەرایەتی، کەڵك وەرگرتن لەو هەلە مێژووییانەیە کە بۆی دێنە پێش.

٢

تێکۆشانی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ٢

پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان رۆژ بەرۆژ پەرەگرتووتر دەبێ ٣

دەقی قسەکانی کاك مستەفا مەولوودی لە رێورەسمی ١٠ساڵەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب دا ٤

تەنگ پێ هەڵچنرانی زیاتر ٥

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ کۆنفرانسی لاوان لە نۆروێژ ٦

درێژەی لاپەڕە١

بەیاننامە بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

کەوابوو کەڵك وەرگرتن لە یارمەتیی دەرەکی و پێوەندیکردن بە سۆڤیەتەوە و قۆستنەوەی هەلەکان هەرگیز بە واتای دەسکردبوونی کۆمار نیە.

کۆماری کوردستان کە خۆی هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستانو بەرهەمی گەشەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بوو، بە تەواوی کەوتە خزمەتی گەشەسەندنو پێشکەوتنی ناسیونالیزمی مۆدێرنی کوردو پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسییەوە. ئەو کارانە کە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٢٥ـ١٣٢٤ لە ماوەی کورتی تەمەنیدا وەك پرۆژەو خزمەتگوزاری جێبەجێی کردن، ڕاست لە پێناوی بەهێزکردنی شوناسی مۆدێرنی نەتەوەیی لە بەرامبەر شوناسە نەریتییەکانی وەك خێڵەکیو ئایینی دا بوون، کە بەخێرایی ئاماژەیەك بە هێندێکیان دەکەین:

١ـ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وەك بەرزترین ئامانجی نەتەوایەتی.

٢ـ بەکارهێنانی زمانی کوردیو بە فەرمی کردنی لە قوتابخانەو بەڕێوەبەرییەکاندا وەك سەرەکیترین فاکتەری پێکهێنەری وێکچوویی نەتەوەیی

٣ـ گرینگیدان بە هونەرو ڕاگەیاندن لە ڕێگای پەرەپێدانی هونەری شانۆگەری، دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، هێنانی چاپخانە بۆ کوردستانو دەرکردنی چەند گۆڤارو بڵاڤۆکی کوردی کە هەموو لە گرنگترین ئامرازەکانی نەتەوەسازین.

٤ـ دامەزراندنی کتێبخانەی میللی.

٥ـ کردنەوەی قوتابخانەی زیاترو ناردنی لاوان بۆ خوێندن لە زانکۆکانی تەورێزو باکۆدا.

٦ـ بنیادنانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لاوانو ژنان بە مەبەستی پەرەپێدانی شارستانییەتو کولتووری دیموکراسی.

٧ـ دانانی سروودی نەتەوەییو هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان وەك دیارترین هێما نەتەوەییەکان.

٨ـ پێکهێنانی سوپای کوردستان کە دواتر بە هێزی پێشمەرگە ناسرا، وەك هێزی بەرگریی نەتەوەیی.

٩ـ گرینگیدان بە خەباتی سیاسیو دیپلۆماسی.

١٠ـ پێوەندیکردن بە پارچەکانی دیکەی کوردستانو کەڵك وەرگرتن لە هێزو وزەی خەباتکارانی ئەو پارچانە لە خزمەت پاراستنو بەهێزکردنی کۆمار دا.

لەو پێوەندییەدا بە تایبەتی ئاماژە بەو ڕۆڵە پێویستە کە بارزانییەکانو ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناسراوی کورد مستەفا بارزانی لە دیفاع لە کۆمارو دەسکەوتەکانیدا گێڕایان.

ئەمانە هەموو ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن کە ڕێبەرایەتیی کۆمارو لە پێش هەموویانەوە قازی محەممەدی نەمر لە چ ئاخێزێکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەوە سەریان هەڵداوەو لە پێناو چ ئامانجو مەبەستێك دا ئاڵای خەباتو سەرهەڵدانیان بەرز کردۆتەوە.

بەڕێزان!

ئەگەرچی ئەم دەسکەوتە مەزنە تەنیا ١١ مانگی خایاندو بە تەمەنێکی کورتەوە جوانەمەرگ کراو، ڕێبەرانی مەزنیشی بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی پەهلەوی لە سێدارە درانو شەهید کران، بەڵام تۆوی ئاواتو خولیایەکی پژاندە مەزرای بیرو ئەندیشەی نەوەکانی کوردو، نەمامی شۆرشێکی چاند کە تا هەنووکە ژەهری هیچ بیرێکی شۆڤێنیستیو تەوری هیچ داگیرکەرێك توانای بنەبڕکردنو لەبن هەڵکەندنی نەبووە. ئەو ڕێگایەی قازیو هاوڕێیانی پێیدا ڕۆیشتن بە دەیان ڕێبواری

گەورەی وەك دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی گیانیان تێدا بەخت کردوەو بە هەزاران شۆرەسواری کوردی لە پێناودا فیدا بوونو ئێستاشی لەگەڵ بێ پۆل پۆل ڕۆڵەی ئەمەگناسی کوردی پێدا دەڕۆنو بە میلیۆنان خەڵکی چەوساوەی کورد چاویان تێبڕیوە. ئاواتە بەرزەکانی کۆمارو ڕێبەرانی ئێستاش هەر ئاواتی نەتەوەی کوردنو ئامانجەکانیشی هەروا هەوڵیان لەپێناودا دەدرێ.

ئازیزان!

ئەگەر ئاوڕێك لە بارودۆخی ئێستای جیهانو ناوچەو کوردستان بدەینەوە، تێدەگەین کە دیسان ڕەورەوەی مێژووو ڕەوتی ڕووداوەکان لە قازانجی کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەیدا دەچنە پێشێو ئاسۆیەکی ڕووناکمان لەبەرچاو دایە.

هەڵوەشانەوەی دنیای دوو جەمسەریو تێکچوونی باڵانسی هێزەکانو هاوڕێکیی نوێی جیهانی لە بارودۆخێك دان کە دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان چی دیکە ئەو قورساییەی پێشوویان لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان دا نەماوەو بە هۆی چەقبەستوویی سیاسیو ئیدئۆلۆژیکی لە سەرەوڵێژی ڕووخانو نەمان دان. ئەگەر پێشتر ململانێی دوو جەمسەری کۆمونیستیو کاپیتالیستیو

کۆماری کوردستان کە خۆی هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستانو بەرهەمی گەشەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بوو، بە تەواوی کەوتە خزمەتی گەشەسەندنو پێشکەوتنی ناسیونالیزمی مۆدێرنی کوردو پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسییەوە

ململانەی ئەو زلهێزانە بەستێنێکی لەباری بۆ ژیانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەکان بە تایبەت لە جیهانی سێهەمو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەخساند بوو، ئێستا هاوڕێکیی نوێی جیهانیو شەپۆلەکانی پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن تەنگی پێ هەڵچنیونو یەك لە دوای یەك کۆتایی بە ژیانیان دێنێت.

پرۆسەی گلۆبالیزاسیۆن یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەیە کە ئەمڕۆکە دەرکەیەکی تازەی بەرووی نەتەوە ژێر دەستەکاندا کردۆتەوەو، هەر لەو کاتەش دا داگیرکەرانو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی خستۆتە ژێر تەوژمی خۆیەوە.

گلۆبالیزاسیۆن یان بەجیهانیبوون لەلایەك بە پێکهێنانی کۆمەڵێك ناوەندی بریاردەری جیهانی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کولتوری، ئابووری، سوپاییو گواستنەوەی مافی پێداچوونەوەو بریاڕدان لەسەر هەندێك لەو کێشانەی کە پێشتر وەك کێشەی نێوخۆیی دەوڵەت ـ نەتەوەکان چاویان لێدەکرا، بۆئەو ناوەندانە، بەکردەوە بۆتە هۆی بەرتەسك بوونەوەی دەسەڵاتی بڕیاردەریی دەوڵەتەکانو، سەرەڕای سەربزێویی هەندێك لەو دەوڵەتانە، بەگشتی ململچێی بڕیارە جیهانییەکانی کردوون یا دەیانکات. لەلایەکی دیکەش بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندنو دونیای ئینفۆرماتیك مەجالێکی نوێی بۆ دەستڕاگەیشتنی نەتەوە ژێردەستو ڕزگاریخوازەکان بەم دونیا مەجازییە ڕەخساندوە، بە شێوەیەك کە ئەم نەتەوانەش دەتوانن بە ئاسانیو بە تێچوویەکی کەمەوە لەم هێزە کەڵك وەربگرن. ئەگەر پێشتر ڕاگەیاندن تەنیا لە پاوانی دەوڵەتەکاندا بوو و، لە پێناوی ئامانجو ئیدئۆلۆژییەکانیدا چەواشەکارییان تێدا دەکردو مێشکی خەڵکیان پێ دەشۆردەوەو نەتەوەی ساختەییان بەرهەم دەهێنا، ئێستا نەتەوە ژێر دەستەکانیش دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە خۆیانو خەباتەکەیان بە دونیا بناسێننو ئاستی هوشیاریی نەتەوەییان بەرنە سەرو یەکڕیزیو یەکگرتوویان پتەوتر بکەن.

لە دیارترین نیشانەکانی سەلمێنەری ئەم ڕاستییە هاوخەباتیی نەتەوەی کورد لەم ساڵانەی دوایی و لە هەموو پارچەکانی کوردستان دایە، کە چۆن هەر ڕووداوێك لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان ڕووی داوە، پارچەکانی دیکەشی هەژاندوەو دژ کردەوەیانی بەدواوە بووە.

ـ ئێران لە گەمارۆی قەیرانەکان دا

ڕێژیمی دیکتاتۆرو سەدە نێوەڕاستیی ئێران لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تووشی کۆمەڵێك قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی هاتوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بازنەی جموجۆڵی لێ بەرتەسکتر دەکەنەوەو تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی دوایی‌دا و بە تایبەت دوای شەری سارد لەگەڵ قەیرانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری پێکهاتەییو ئیدئۆلۆژیك بەرەوروو بووە کە کۆڵەکەکانی جێگیریو ڕەوایی ئەم ڕێژیمەیان لە دونیای نوێدا زۆر لە ڕابردوو زیاتر خەسارهەڵگرتر کردوە. لە نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کۆمەڵێك کێشەی وەك گەندەڵی لە هەموو بوارەکاندا، بێکاری، ئیعتیاد، نەبوونی ئازادی، گرانی، بێشوناسی، هەڵاتنی مێشکەکانو... بەرەوڕوویە کە وەڕەز بوونی خەڵکو نارەزایەتییان لەو حکوومەتەی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش لەخۆیدا حکوومەتی تووشی دوو قەیرانی بەشداریو ڕەوایی کردوە. لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییشدا ئێران بەهۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دەستێوەردانو تێکدانی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پشتگیریی تیرۆریزمو هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لە ژێرفشارو چاوەدێری دایەو لە دوایین بڕیار دا ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئابڵۆقەیەکی ئابووریی خستۆتە سەرو، پێدەچێ لە داهاتوودا ئەڵقەی ئەم ئابڵۆقەیە تەنگتریش بکرێتەوەو ئاکامی نەخوازراوی بۆ ڕێژیمی ئێران بەدواوە بێت.

خۆشەویستان!

لە قۆناغێکی هەستیاری ئەوتۆدا کە دوژمنانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بارودۆخێکی خراپیان بۆ پێك هاتوەو دۆزی کورد بۆتە کێشەیەکی ناسراوو کۆمەڵگای نێونەتەوەییو بەتایبەت زلهێزەکان بەچاوێکی جیاواز لە پێشوو سەیری ئێمەو ناوچەو کێشەکەمان دەکەن، بەئەرکی هەموو کوردو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك نوێنەری خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانین کە بە خوێندنەوەیەکی نوێو زانستییانە لەبارودۆخی ئێستای کوردستانو ئەرکو توانایەکانی خۆیو هاوکێشە سیاسییە جیهانیو ناوچەییەکان، بە شێوازێکی مۆدێرنو سەردەمییانەو بەکەڵك وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات، قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانە دەست پێ بکات. شتێکی ئاشکرایە کە دەسپێکی ئەم قۆناغە پێداچوونەوە بە ڕابردووی خەباتمان دایە، پێداچوونەوە بۆ ئەوەی کە کەمو کورتیو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنو هەروەها خاڵە بەهێزەکانی ئەو خەباتە دەست نیشان

ئاواتە بەرزەکانی کۆمارو ڕێبەرانی ئێستاش هەر ئاواتی نەتەوەی کوردنو ئامانجەکانیشی هەروا هەوڵیان لە پێناودا دەدرێ

بکەین تا کەمو کوڕییەکان نەهێڵین، خاڵە بەهێزەکان بەهێزتر بکەینو میکانیزمو مێتۆدی نوێ بدۆزینەوە.

بێگومان خەباتەکەمان ڕەواو مافخوازانەیەو ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەردەم دایە، تەنیا دەبێ هوشیار بین، دەرفەتو هەڵکەوتەکان بناسینو هەلەکان لەدەست نەدەین. دوور نیە کە جارێکی دیکەو ئەمجارە بۆ هەمیشەو لە ئاستێکی بەرفراوانتردا ئەزموونی کۆماری کوردستان دووپات بکەینەوەو ئاواتەکانی پێشەواو هەموو شەهیدە سەربەرزەکانمان بێنینە دی.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی جێژنی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کۆماری کوردستان لە ئێوەو سەرجەم نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەکەینو بەڵێن دەدەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندیو هەموو خەڵکی کوردستان تا گەیشتن بە کەناری ڕزگاریو لوتکەی سەرکەوتن ساتێکیش دەست لە سەر دەست دانەنێو واز لە خەبات نەهێنێ.

بەڕێز بێ یادی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ساڵو لە گیانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانو لە پێشەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد

سەرکەوتوو بێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

ساڵو لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری

ساڵو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری کۆماری کوردستان

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

تێکۆشانی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

• سوئێد

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٢ هەیئەتێك پێك هاتوو لە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە شاری یوتوبوریو دوو ئەندامی ناوەندی کولتووری کوردی چاویان بە هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری یوتوبوری کەوت. لەم چاوپێکەوتنە هەر دوو لا لەسەر مەسەلەکانی ڕۆژ قسەیان کردو لە سەر پتەوکردنی پێوەندیی دووقۆڵی پێیان داگرتەوە.

• سویس

دوانیوەڕۆی ٢٠٠٧/١/١٤ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرپرسو چەند ئەندامی کومیتەی سویس، چاویان بە هەیئەتێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە شاری بیل کەوت. لەم دیدارە باسی ڕووداوە گرنگەکانی ئەم دوایی‌یانەی کوردستانو ئێران کرا. هەر دوولا لە سەر پتەوکردنی پێوەندییەکانیان پێیان داگرت.

• نۆرویژ

ڕۆژی هەینی ١٢ی ژانویەی ٢٠٠٧ هەیئەتێکی کومیتەی نۆرویژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەربەستیی کاك جەعفەری حامیدی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب، سەردانی بنکەی سەرەکیی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ لە شاری ئۆسلۆیان کردو کە لەلایەن ئاودون لیس باکێن جێگری سەرۆکی گشتیی حیزبی سوسیالیستی چەپو بەرپرسی کومیتەی کاروباری ڕاگەیاندنی حیزبی ناوبراو بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. بەڕێز حامیدی لەو دیدارە کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانو کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ هەیئەتی خانەخوێ شی کردەوە. ئەندامانی دیکەی هەیئەتی حیزبی دیموکراتیش کۆمەڵێك بابەتی دیکەیان بۆ هەیئەتی حیزبی سوسیالیستی چەپ ڕوون کردەوە. ئاودون لیس باکێن خۆشحاڵیی خۆی لە پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو کوردەکانی دانیشتووی نۆرویژ ڕاگەیاند. کۆبوونەوەکە دوای کاتژمێرێك ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا کۆتایی هات. پێویستە بگوترێ حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ ئەندامی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستەو لە حکوومەتی وڵاتەکەی خۆشیدا بەشدارە.

بەڕێوەچوونی کونفرانسی هەڵبژاردنی کومیتەی حیزبی لە وڵاتی نۆرویژ

ڕۆژی شەممە ١٣ی ژانویەی ٢٠٠٧ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کونفرانسێك بە مەبەستی هەڵبژاردنی کومیتەی حیزبیی ئەو وڵاتە، لە شاری ئۆسلۆ بەڕێوەچوو. لەو کۆنفرانسەدا بەڕێزان سەعید بەیگزادە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵاتو جەعفەر حامیدی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە باری سیاسیو تەشکیلاتی‌دا قسەیان بۆ بەشداران کرد.

بە دوای هاتنەگۆڕی پرسیارو بۆچوونەکانی بەشداران، کۆنفرانس ١٥ کەس لە هاوڕێیانی حیزبیی وەك ئەندامی ئەسڵیو ٣ کەسی وەك ئەندامی جێگری کومیتەی وڵاتی نۆرویژ هەڵبژارد. بەشدارانی کۆنفرانس بەڵێنیان نوێ کردەوە کە بە هەموو تواناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە حیزبیو نەتەوەییەکانیان لەو وڵاتەدا تێبکۆشن.

• ئوستراليا

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٦ کاك سەلاح پورئەسەد بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری بریزبان، بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بارەگای حیزبی دیموکراتی ئوستراليا و بە گەرمی لە لایەن بەڕێز ئەندرۆ باترلیت سەناتۆر لە حیزبی ناوبراو پێشوازی لێکرا. لە چاوپێکەوتنێکی دوو سەعاتەدا لەسەر بارودۆخی کوردستان، وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێرانو کوردستانو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. بەڕێز ئەندرۆ باترلیت پشتیوانیی خۆی لە مافەکانی گەلی کوردو ئامادەیی حیزبەکەی خۆیانی بۆ پتەوترکردنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند. پێویستە بگوترێ سەناتۆر ئەندرۆ باترلیت، نوێنەری ئەیالەتی کوئینز لەندە لە پارلمانی ئوستراليا و یەکێك لە دۆستانو پشتیوانە ناسراوەکانی گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ

هەواڵەکان

چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

◆ **کامیاران**

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری کامیارانەوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەوی ١٣٨٥/١٠/١٢ لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیاندا تراکت، CDو بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبیان لەم شوێنانەی خوارەوە بڵاوکردەوە:

شەقامی ١٢میتری، دەوروبەری ترمینالی گشتی، مەیدانی ئیمامی شافیعی، دەوروبەری نەخۆشخانەی سینا، شارەکی" بعثت"، شارەکی تروەرێز و ئاوایی پالێنگان.

هەروەها بە پێی هەواڵێکی دیکە لە شاری کامیارانەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب شەوی ١٥ی بەفرانبار بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاواییەکانی تا، فەرەج ئاوا، هەنیمن و فارس ئاوا چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردوە. ئەم چالاکیانە دڵی خەڵکی دیموکرات پەروەر و وەفادارانی ڕێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندیی وەخرۆش هێنا و پشتیوانیی خۆیان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەربڕی.

شایانی باسە بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بە ناوی محەممەد عەلی کوڕی عەبدوڵڵا ڕۆستەم خەڵکی گوندی فارس ئاوا کە لەم چالاکییە و پێشوازی خەڵك تووڕە دەبێ، دەستبەجێ هێزەکانی ڕێژیم ئاگادار دەکاتەوە و لە ماوەیەکی کورت دا ئەم هێزانە دەگەنێ و دەست دەکەن بە گرتن و ئازار و ئەزییەتی خەڵك و لە بلیندگۆی مزگەوتەکانەوە ڕادەگەیەنن کە لە هەر ماڵێکدا ئەو CDو بڵاوکراوانە بدۆزرێتەوە، دەسبەجێ ئیعدامی دەکەین.

◆ **مەریوان**

لە مەریوانەوە هەواڵمان بە دەست گەیشتووە کە شەوی١٣ی بەفرانبار ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گوندەکانی سوورەتوو، دێکانە، دەزەوەنی خواروو، دەزەوەنی سەروو و کانی حسێن بەگ سەر بە ناوچەی سەولێ ئاوای مەریوان بە شێوەیەکی بەربڵاو CD، تراکت و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبیان بڵاوکردەوە.

◆ **مەهاباد**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری مەهاباد لە هەندێك لە شوێنە گشتییەکانی ئەو شارە دروشمیان نووسیوە و تراکت و CD یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بڵاوکردۆتەوە.

◆ **بانە**

ڕۆژی ١٥ی بەفرانباری ئەمساڵ لە ڕێی بانە ـ سەقز چەند ماشێن کە بارەکەیان بەنزین بوو، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بەسەر دادەگیرێ. ئەو هێزانە لە نزیك گوندی سەبەتلوو ماشێنی حامیدی مەلارەحمانی ئۆغەل بە بەنزینەوە ئاور تێبەردەدەن و دەسووتێنن، بەڵام کەسێك فریای ناوبراو دەکەوێ و لە مەرگ ڕزگاری دەکا.

سلێمانی: بەڕێوەچوونی کۆڕێك لە ژێر ناوی "سمکۆی قارەمان و بیری سەربەخۆیی کوردستان"

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی بەفرانبار لە هۆڵی دیاڵۆگی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی سلێمانی و لە سەر ئەرکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، لە ساڵڕۆژی پێشوازییە مێژووییەکەی مەلیك مەحموود لە سەر کردەی ناسراوی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دا ، کۆڕێکی تایبەت سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێکۆشان و بیری نەتەویی سمکۆ بۆ دوکتور یاسین سەردەشتی پێك هات.

د. یاسن سەردەشتی لە سەرەتای قسەکانی دا ئاماژەی بە شۆڕشگێری و نەتەوەخوازیی بنەماڵەی سمکۆ و دەسپێکی خەباتی نەتەوایەتی بە ڕێبەرایەتیی ئەو سەرکردە ناودارەی بزاڤی نەتەوەیی کورد و کوژرانی بنەماڵەی بە دەست دوژمنانی کورد کرد.

ناوبراو دواتر باسی لە لایەنەکانی کەسایەتیی سمکۆ و ئەو بوختان و ناو و ناتۆرانە کرد کە دوژمنانی کورد و شوڤینیستە تورك و فارسەکان و تەنانەت و لەم سەردەمەشدا لە ڕێگای کەسانێکی وەك عەلیرەزا نەزمی ئەفشارەوە دەیدەنە پاڵ ئەو کەسایەتییە نەتەوەییەی کورد. ئەو هەروەها باسی ئەو پەلامارە شوڤینیستانە و دژ بە کوردانەشی کرد کە لەم دواییانەدا عەلیرەزا نەزمی ئەفشار لە نامەیەك دا بۆ کاك مستەفا هیجری و کردوویەتە سەر خاك و نەخشە و ئالا و پێتەختی کۆماری کوردستان.

کۆڕگێر لە درێژەی باسەکەی بە هێنانەوەی هێندێك بەڵگەو دوکیومێنت باسی لە لایەنەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی سمکۆ و سیاسەتی دوژمنانی کورد کرد و لە بەشی کۆتاییش دا لایەنە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی شۆڕشی سمکۆی تاوتوێ کرد.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە لەم کۆڕەدا ژمارەیەك لە نوێنەرانی ڕاگەیەنەکان و حیزبە سیاسیەکان و لە نێو ئەوان دا کاك جەلیل گادانی کە سایەتیی ناسراوی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەشدار بوون.

کوژرانی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم لە شاری سنە

کوردستانو کورد: ئەمڕۆ ٢٤ی بەفرانبار جاشێکی ڕێژیم بە ناوی ناسر بەیگلەری ناسراو بە ناسر ئەحمەد لالۆ خەڵکی ئاوایی هەشەمیری ناوچەی ژاوەڕۆ لە شاری سنە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا. ناوبراو بەرپرسی ئەو دەستەیە لە جاشەکان بوو کە ڕۆژی ١٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی هاوڕێیان هەژار ڕەزایی و شەمسەدین ڕۆستەمیان شەهید کرد.

پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ پەرەگرتووتر دەبێ

هەرچی ماوەی زەمەنیی زیاتر بەسەر ڕووداوی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێ، سیاسەتو هەڵوێستو کردەوەو ڕەفتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان پتر بۆ خەڵك دەردەکەوێ، ڕاستییە شێوێندراوەکان زۆرتر ڕوون دەبنەوە، لە ئاکامدا پشتیوانیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو هاوپێوەندیی توێژە ئاگاو ڕووناکبیرەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، زیاترو بەربڵاوتر دەبێ. ڕۆژنیە کۆمەڵێك نامە، ئیمەیلو تەلەفون لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بۆ کومیتەکانو ڕێبەریی حیزب نەیەن، کە نێوەڕۆکی هەر هەموویان پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیواو هومێد بەستنی بە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەو حیزبەو ئامادەیی دەربڕین بۆ تێکۆشان لە ریزەکانی دا، یا هاوکاری لە بواری جۆراوجۆر دایە. دیارە بەداخەوە ناتوانین هەمووانیان ناو بەرین، بە تایبەتی ئەوانە کە لەنێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا هەر لە نێوخۆی ئێراندا دەژین. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان، لایەنگرانو دڵسۆزانی حیزب بە شێوەی تاکەکەسی، بروسکەو پەیامی پشتیوانیان بۆ حیزب ناردوە. لەگەڵ دەربڕینی ڕێزو پێزانین بەرامبەر بە هەڵوێستی بەجێو ئەرکناسانەی هەموو ئەو بەڕێزانەو، داوای لێبوردن لەوانە کە ناتوانین ناوەکانیان بڵاو بکەینەوە، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی ژمارەیەکی دیکە لەوانە دەکەین کە پەیامی پشتیوانیان بۆ ناردووین. دەقی پەیامەکان لەماڵپەڕی "کوردستانو کورد"و سایتەکانی دیکەی حیزب دا هەن:

ـ دەیان بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات، دانیشتووی شاری سلێمانی.

ـ کۆمەڵێك لە مامۆستا ئایینیەکان...

ـ کۆمەڵێك لە ئەندامان لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتیو لە ڕێگای کادرەکانی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبەوە.

ـ کۆمەڵێکی دیکە لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری جوانڕۆ.

ـ دەیان پەنابەری کوردی ئێرانی دیکە لە تورکیە لەچەند ئیمەیلو بروسکەی چەند کەسیو جیاواز دا.

ـ پشتیوانی ژمارەیەك بنەماڵەی شەهیدانو ئەندامانی نهێنیی لە مەهاباد لە حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە چەند کۆبوونەوەی جیاوازدا:

سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پشتگیریی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند

دوا بەدوای داسەپانی لەتبوون بەسەر ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا، لە ڕۆژانی ٢٥ی سەرماوەز تا ١٥ی بەفرانبار بەڕێوەبەرانو کادرەکانی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب چەند کۆبوونەوەیان بۆ ئەندامانی حیزب لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێك هێناوەو لەو کۆبوونەوانەدا وێڕای تاوتوێ کرانی دۆخی ئێستای چالاکیو تێکۆشانی حیزب باس لە داهاتووی کارو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێبازەکانی ئەم حیزبە کراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئەندامانی حیزب پشتگیریو پشتیوانیی خۆیان لە هەڵوێستو بڕیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەو شارو شارۆچکانەی کۆبوونەوەکانیان تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە:

ـ قەڵادزێ (ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەز، بە بەشداریی ٣٠ کەس لە ئەندامانی حیزب)

ـ دیاناو سۆران (ڕێکەوتی ٢٨ی سەرماوەز، بە بەشداریی ٤٠ کەس لە ئەندامانی حیزب)

سلێمانی (لە ڕێکەوتی ٨ی بەفرانبار، بە بەشداریی زیاتر لە ٥٠کەس)

ـ کۆیە (ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانباری، بە بەشداریی ٣٠ کەس لە ئەندامانی حیزب)

ـ هەولێر (ڕێکەوتی ١٥ی بەفرانبار بە بەشداریی زیاتر لە ١٩٠ کەس لە ئەندامانی حیزب)

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ٥ کاتژمێری خایاند، کومیتەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی لەو وڵاتە هەڵ بژێردرا.

◆ **ئوتریش**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٣ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆنفرانسێکیان بە مەبەستی باس لە کاروتێکۆشانی حیزبی لە هەلومەرجی نوێداو هەڵبژاردنی کومیتەی حیزبیی ئەو وڵاتە پێك هێنا.

◆ **ئۆپسالا**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٤ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئۆپسالا کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتییان بۆ باس لەسەر هۆیەکانی لەتبوونی حیزبو کارو تێکۆشانی حیزبی لە هەلومەرجی نوێدا پێك و ئەندامانی ئەسڵیو جێگری کومیتەی حیزبی ئەو شارەیان هەڵبژارد.

◆ **ئەڵمان**

ڕۆژی ٦ی ژانویە سمینارێکی سیاسی لەسەر هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکرات بە بەشداریی کوردەکانی دانیشتووی ئوستانی "نۆردریانوێستفالن"و نوێنەرانی هێزە کوردستانییەکان، لەلایەن کومیتەی حیزبی دیموکراتی

کوردستانەوە پێك هات. لەو سیمینارەدا بەڕێز خالید عەزیزی کە لە لایەن کومیتەی ئاڵمانی حیزبەوە بانگهێشتن کرابوو، باسێکی وردی لەبارەی لەتبوونی حیزب پێشکێش کرد. سیمینارەکە ٤ کاتژمێری خایاند.

چالاکیی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە چەند حەوتووی ڕابردوودا کۆمەڵێك چالاکیی جۆراوجۆری وەك پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەندامانی حیزب، بەڕێوەبردنی سیمینارێکی سیاسیو ڕۆشنبیری، پێکهێنانی کۆنفرانسی حیزبیو دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵو ڕێکخراوی سیاسیو کولتووریی کورد، ئێرانیو بیانی ئەنجام داوە. دەقی ڕاپۆرتی زۆر لەو چالاکیانە لە سایتی WWW. Kurdistanu Kurd.comو سایتی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات دا هەن. لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەران تەنیا ئاماژە بە ناوی ئەو چالاکیانەو ڕۆژی بەڕێوە چوونیان دەکەین:

◆ **ئوسترالیا**

ڕۆژی ١٢ی ژانویە هەیئەتێك لە کومیتەی ئوسترالیای حیزبی دیموکرات بەسەر پەرستیی کاك هەیاس کاردۆ، بەرپرسی کومیتەی حیزب، چاوی بە هەیئەتێکی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە باشووری ئوسترالیا کەوت.

◆ **سوئید**

ڕۆژی ٩ی مانگی ژانویەی ٢٠٠٧، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کاك عەلی فەتحی بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان لە کومیتەی سوئیدی حیزب سەردانی بارەگای پارتی دیموکرات لە شاری ستۆکهۆلمی کردو لەگەڵ بەرپرسی لێژنەی ناوچەی پارتیو ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی پارتی دیموکرات لە سوئید کۆ بۆوە.

◆ **نۆرویژ**

ڕۆژی ٩ی‌ژانویە هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بە سەرپەرستیی کاك هاشم ڕۆستەمی، سەردانی هاوڕێیانی حیزبی شیوعیی کوردستان لەشاری ئۆسلۆی کرد. لەدیدارێکی ٣سەعاتەدا هەردوولا لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی ڕۆژ ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

◆ **کانادا**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٧ هەیئەتێك لە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ڕۆژهەڵاتی کانادا چاوی بە هەیئەتێك لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ مەڵبەندی ئەمریکای باکوور کەوت. ئەم چاوپێکەوتنە دۆستانەیە لە بنکەی ماڵی کورد بەڕێوە چوو.

◆ **نۆرویژ**

هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کاك هاشم ڕۆستەمی ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٣ لەشاری ئوسلۆ چاویان بە کاك ڕوودی بەرپرسی کومیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان لە وڵاتی نۆرویژ کەوت.

◆ **فینلاند**

ڕۆژی شەممە، ١٣ی ژانویەی ٢٠٠٧، بەڕێوەچوونی سیمیناری "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم نوێبوونەوەی فکریو ڕێکخراوەییدا" لە شاری هێلسینکی بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتەو ئەندامانی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوان بەبەشداریی چەند حیزبو لایەنی دۆست. کۆرگێڕەکان بریتی بوون لە بەڕێزان ئەحمەد عەزیزی، ئیقبالڵ سەفەریو ڕێبوار کەریمی.

◆ **سوئید**

کاتژمێر ٥ی پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٦/١٢/٢٩ هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەپەرستیی کاك سەلاح گادانی چاوی بە هەیئەتێکی ١٠ کەسی لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کەوت. لەم دیدارەدا ئەندامانی هەردوو هەیئەت لەسەر مەسەلە پێوەندیدارەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد، هەموو لایەنەکان ڕوانینی هاوبەشیان لە بارەی پێویستیی بەشداریی هەموو ڕێکخراوە خەباتکارو سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ دا هەبوو. ئەم چاوپێکەوتنە کاتژمێر ٢١ی شەو لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

پێویستە بگوترێ لە دیدارو چاوپێکەوتنی هەیئەتەکانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا وێڕای تیشك خستنە سەر هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکرات، باس لەسەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی لەمەودوای ئەو حیزبەو، هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوەو ئامادەیی حیزبمان بۆ درێژەدانی پێوەندیی دۆستانەو هاوکاری لە بوارە جۆراوجۆردا پێشان داوەو، لایەنەکانی بەرامبەر ئامادەییو خۆشحاڵیی خۆیان لەو پێوەندییەدا ڕاگەیاندوە.

◆ **ئەمریکا**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٧ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە واشنگتۆنو دەوروبەر بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەلومەرجی نوێو ڕێکوپێك کردنی کارو تێکۆشانی حیزبی کۆبوونەوە.

دەقی قسەکانی کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە ڕێورەسمی ١٠ساڵەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب دا

هاوڕێیانی خۆشەویست!
خوشك‌و برایانی بەڕێز!
میوانە ئازیزەکان!

لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا حیزبی دێموکراتی کوردستان شاهیدی یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی تێکۆشانی خۆی بوو. لەو ڕۆژەدا پاش نیزیکەی نۆساڵ جیابی‌و تەفرەقە لە ریزەکانی حیزب دا، بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی وەسەر یەك کەوتەوە. ئەم هەنگاوە مێژوویی‌و بەرپرسانەیە، لەگەڵ خۆشحاڵی‌و پێشوازیی ڕۆڵەکانی گەلی کوردو تێکرای دڵسۆزان‌و ئۆگرانی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەو ڕوو بوو. یادی ئەو ڕۆژەو هەموو ئەو ڕۆژانەتان لێ پیرۆز بێت کە شوێنەواری گرینگیان لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی خەڵکی کوردستان هەبووە.

هاوڕێیانی خۆشەویست! مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان پڕە لە ڕووداوی جێگای ئەزموون لێ وەرگرتن. لەو نێوەدا مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٦١ ساڵ خەبات‌و تێکۆشان دا جێگایەکی دیارو تایبەتی هەیە. ئەو حیزبە لە ڕۆژی دامەزرانیەوەو لە درێژەی تێکۆشانی بێوچان‌و بەردەوامی دا گەلێك ڕووداوی تاڵ‌و ناخۆش‌و قوربانی دان‌و زۆر سەرکەوتن‌و شانازیی بە خۆیەوە دیون. هەر بۆیە بۆتە حیزبێکی خۆشەویست‌و جێگای هیوای هۆگرانی ئازادی‌و بەختەوەریی گەلی کورد. لەو ماوەیەش دا کوڕان‌و کچانی گەلی کورد بەتاك‌و بە کۆمەڵ ریزی ئەو حیزبەیان ڕۆژ بەڕۆژ پتەوترو بەهێزتر کردوەو بەخەبات‌و تێکۆشانیان لاپەڕەی زێرینیان لە مێژووی ئەو گەل‌و حیزبەدا تۆمار کردوە.

لە ڕۆژی ڕێزگرتن لەیادی وەسەر یەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دا پێویستە بە چاوێکی واقیعبینییەوە ئاوڕ لە مێژووی حیزبەکەمان بدەینەوە، سەرکەوتنەکانی بکەینە پردەبازی سەرکەوتنی زیاترو، لە ڕۆژە سەخت‌و ڕووداوە تاڵەکانی زۆرتر دەرس وەربگرین. پێویستە هەر لەوکاتەش دا ئاوڕێك لە هۆو سەبەبەکانی ناتەواوی‌و کەم‌و کوڕی‌یەکانی نێو ریزەکانی ئەو حیزبە بدەینەوەو ئەگەر هەڵەیەك یان کەم کاری‌یەك یان دەمارگرژی‌یەك لە مێژووی حیزبەکەمان دا بەدی دەکەین زۆر ئازایانە بیان خەینە بەر نەزەرو ڕەخنەیان لێ بگرین‌و دەرسیان لێ وەربگرین‌و چارەسەریان بکەین.

بەڵام لەو موناسبەتەدا بە پێویست‌و بە باش دەزانین بگەڕێینەوە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری دەساڵ پێش ئێستاو ئەو وتارو قسانەی لەو ڕۆژەدا پێشکەش کراون گوڵبژێر بکەین‌و جوانترینیان کە لامان وایە هیچ کاتێك بایەخ‌و گرینگیی خۆیان لەدەست نادەن بخەینەوە بەر نەزەری بەشدارانی بەڕێزی ئەم یادە پیرۆزە.

هاوڕێیان ئەو ڕۆژە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری‌ی ١٣٧٥ ئاوا پێناسە دەکرێ‌و دەناسێندرێ: ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ ئەو ڕۆژە بوو کە ڕۆڵەکانی دێموکرات، کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان‌و هەموو دۆستانی حیزب لە کوردستان، ئێران‌و جیهان لەمێژ بوو چاوەڕوانی بوون. ڕۆژی دەستپێکردنی فەسڵێکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بوو، ڕۆژی لێك کۆبوونەوەی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لەژێر چەتری یەکدڵی‌و هاوڕەنگی دا، ڕۆژی گۆڕ کردنی تەفرەقەو ناتەبایی، ڕۆژی سارێژ کردنی زامە بەژان‌و ناسۆرەکان‌و ڕۆژی گیرانی ڕەشبەڵەکی

یەکماڵی‌و یەك سەنگەر بوونی هەڵگرانی مەشخەڵی هەرگیز نەکوژاوەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤. ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ ڕۆژێکی مێژوویی بووو چووە ریزی ئەو ڕۆژانە کە نیشتمانپەروەرانی گەلی کوردو هەموو ئەو ئینسانانەی گرینگی‌و بایەخی بڕیارو هەنگاوە مەزن‌و مێژوویی‌یەکان دەزانن‌و دەناسن، شانازی‌یان پێوە دەکەن.

یان لە بەیاننامەی هاوبەشی هەردووك لادا بەم جۆرە مزگێنی بە خەڵکی کورد دەدەین:" *بە خۆشحاڵی‌یەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب‌و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و هەموو ئۆگرانی ئاشتی‌و ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتە و ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و دۆستانی حیزب وەدی هاتوە. هیوادارین ئەم هەنگاوە پیرۆزو بەرپرسانەیە، گوڕو تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات‌و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بداو لەوەدەست هێنانی ماف‌و ئازادییەکانیان نیزیکتر بخاتەوە."*

لەو ڕۆژەدا مامۆستا حەسەن زادە لە وتارێکی مێژوویی‌و پر نێوەڕۆك دا کە بە پەسندی هەموو هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیی ئەوکات گەیشتبوو، ئاوا لەسەر ئەو ڕۆژە قسە دەکا.

"ماوەی نۆساڵ جیایی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ئەگەر ڕووداوی ناخۆشی لێ کەوتوونەوەو بیرەوەریی زۆر تاڵی بۆ بەجێ هێشتووین، ئەزموونی بەنرخیشی داوینە دەست. کەوایە دەبێ زۆر وشیار بین. ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە، بەهەموو توانامانەوە بی پارێزین‌و بەهیچ جۆر ڕێگا نەدەین ریزی یەکگرتوومان کەلێنی تێکەوێتەوەو دوژمن پێمانخۆش بێتەوە. ئەو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانەمان کە ماوەیەك بوو لە ژێر ناوێکی دیکەدا تێ دەکۆشان، ئەمڕۆ بە بڕیارێکی مەسئوولانە تێکەڵ بە حیزبی خۆیان بوونەوە. لەمڕۆوە ئەوان وەك هەموو هاوڕێیانی دیکە، تێکۆشەری نێو سەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ڕێبواری ڕێگای خەبات بۆ وەدی هێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزبەکەمانن. ئەوان لە ریزەکانی حیزب دا هەموو ئەو ئەرکانەیان لەسەر شانە کە دەکەونە سەرشانی هاوسەنگەرانی دیکەیان‌و تەواوی ئەو مافانەشیان هەیە کە بۆ هاوڕێیانی دیکەیان هەن. نە زیاترو نە کەمتر. جێگای هەمووی ئێمە لەیەك سەنگەر دایەو بوونمان لە دوو سەنگەری جیاوازدا دیاردەیەکی ناسروشتی بوو کە بە هیممەتی هەموو دڵسۆزان بۆ هەتا هەتایە کۆتایی پێ هاتووە.

هاوڕێیانی تێکۆشەر! زۆرجار لە موناسبەتی وەك ئەوەی ئەمڕۆدا باسی ئەوە دەکرێ کە پێویستە ڕابردوو لەبیر بەرینەوە. ئەمنیش لەو بارەیەوە کە پێویستە ڕق‌و کینەکان لەبیر بەرینەوەو دەستی برایەتی‌و تەبایی‌و هاوکاری بدەینە دەستی یەکتر، هەروا دەڵێم. دڵنیاشم کە هەموومان بڕیارمان داوە پەردەیەکی ئەستوور لە نێوان ئێستاو چەند ساڵی ڕابردوودا دابدەینەوەو لاپەڕەیەکی تازە لە هاوکاری‌و یەکدڵی بکەینەوە. بەڵام ئەمن پێم خۆشە لەبارێکی دیکەشەوە بۆ مەسەلەکە بچم‌و داوا لە هەموو خاباتگێڕانی حیزب بکەم کە هەرگیز ڕووداوە تاڵەکانی چەند ساڵ لێك دابڕان‌و لێك دووری لەبیر نەبەنەوە. با هەمیشە لەبەر چاومان بێ، لەو ماوەیەدا چەندمان دوژمن بەخۆمان خۆش کردو چەندە پەژارەمان خستە نێو دڵی دۆستانەوە. با لەبیرمان بێ چەندمان هێزو تواناو ئینێرژی بە فیڕۆ دا. ڕێگام بدەن ڕاشکاوانەتر بدوێم‌و بڵێم با لەبیرمان نەچێ لە ناکۆکی‌و ناخۆشی‌یەکانی نێو خۆی حیزبی دێموکرات، یان تێکڕای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا چەندە خوێنی تێکۆشەری کورد بەدەستی تێکۆشەری کورد ڕژاوەو چەند جار سەنگەری بەرەنگاری دژی دوژمنانی ئازادی بە قازانجی سەنگەری شەڕی براکوژی چۆڵ کراوە. ئەمانەمان هەمیشە دەبێ لەبیرو لەبەرچاو بێ، بۆئەوەی قەت جارێکی دیکە ڕێگای دووپات بوونەوەیان نەدەین.

زۆرجار دەبینین‌و دەبیسین کە هێندێ لە دۆستانی حیزبەکەمان دەپرسن تێکۆشەرانی دێموکرات ناکۆکی‌یەکانیان چۆن چارەسەر کردوە، لەسەر چی ڕێك کەوتوون‌و کام لا بۆ کام لای داشکاندوە. بۆ وەڵامی هەموو پرسیارێکی لەو بابەتە ڕێگا بدەن بڵێم: هەموومان لەم حەرەکەتەدا قازانجمان کردووەو لەم هەنگاوەدا سەرکەوتووین. قازانج لەوە زیاتر کە دوژمنانی حیزب‌و گەلمان ناهومێد کردوە. لەوە زیاتر کە ریزەکانی حیزبی دێموکراتمان یەك خستۆتەوە! لەوە زیاتر کە بەسەر هەستی خۆویستی‌دا زاڵ بووین‌و قازانجی گشتیمان وەپێش قازانجی تاکەکەسی خستوە! لەوە زیاتر کە نیشانمان داوە، ئەوەی بەچەند ساڵ شەڕو ناخۆشی بەدەست نایە، دەکرێ بەچەند دانیشتنی دۆستانە بەدەستی بێنین! سەرەنجام لەوە زیاتر کە ڕەزامەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان بەدەست هێناوە! ئاخر، ئەوەی ئەمڕۆ بەهەوڵ‌و تێکۆشانی هەموو دڵسۆزان وەدی هاتوە، نۆ ساڵە داوای زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و بە گشتی دۆستانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردە.

ئێمە بەسەربەرزی‌و شانازی‌یەوە ئەم هەنگاوە پیرۆزە دەکەینە دیاری‌و پێشکەشی بارەگای نەتەوەی کوردی دەکەین. هەر لەو کاتەدا لە هەموو دڵسۆزان دەخوازین بۆ سەر خستن‌و چەسپاندنی ئەو دەسکەوتە نیشتمانی‌یە یارمەتیمان بدەن.

بەڕێزان ئێستا کە پێمان باش بوو لەو بۆنەیەدا بەزۆری باسی ئەو شتانە بکەین کە دەساڵ پێش ئێستا بە موناسبەتی ئەو ڕۆژە پیرۆزە گوتراون‌و نووسراون‌و پەیام‌و مەتڵەبانە بوو کە دڵسۆزانی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات، لە پاش ئەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە ئیرادەی پۆڵایینیان "لبیك"یان بە بڕیاری کۆنگرەی دەهەم گوت، وەك نێردراون.

"ڕاە کارگر" لە پەیامەکەی دا بەو شێوەیە دەدوێ:

"جودایی‌و دووبەرەکیی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا شوێنەواری زۆر ماڵوێرانکەری لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورد، لە سەر ورەی پشتیوانانی بزووتنەوەو لەسەر هێزەکانی لایەنگری ئازادی‌و مافی نەتەوایەتی لە ئێران دا بەجێ هێشتبوو، بێگومان تەنیا ڕێژیمی ملهوڕو دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌و هێزە دژی دێموکراتی‌یەکان سوود لەم وەزعە وەردەگرن. بە یەکگرتنەوەی سەر لەنوێی ریزەکانی حیزب خۆشحاڵیی

دوژمنانی ئازادی لە ئێران دا جارێکی دیکە دەبێتە شکست‌و ناکامی. دۆستانی بەڕێز بە یەکیەتیی دووبارەی ریزەکانی حیزب ئێستا دەفتەرێك لە بیرەوەریی تاڵ‌و بەژان - کە هێندێك جار دەگەیشتە سنووری شەڕێکی بێ ئاکامی خۆماڵی وێك دەنرێ، با وابکەین ئەو دەفتەرە قەت جارێکی دیکە لێك نەکرێتەوە"

ئاغای نووری زادە دۆستی دێرینی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات هەواڵی یەکگرتنەوە بە باشترین دیاری ناو دەباو دەڵێ:

"هەواڵی یەکگرتنەوەی سەر لەنوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ هەر ئێرانی‌یەکی نیشتمانپەروەر، کە زوڵم‌و زۆری ڕژێمی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی بە گۆشت‌و پێست هەست پێ کردوەو هەروەها بۆ هەموو ئینسانێکی ئازادی دۆست، باشترین دیاری‌و دیارە زۆریش شادی‌بەخشە."

سازمانی خەباتی نەتەوایەتی‌و ئیسلامی بە کارێکی گەورەو پڕ لە شانازی دەزانێ‌و دەنووسێ:

بەبۆنەی ئەنجام دانی کاری گەورەو پڕ لە شانازی (یەك کەوتنەوەی برادەرانی دێموکرات‌و کوێر کردنەوەی دێڕی جیاوازی) لە نێوان برایانی هاو "مبدأ" و هاوڕێ‌دا گەرمترین پیرۆزبایيتان پێشکەش دەکەین. پیرۆزبێ لە خۆتان‌و گەلی کورد."

کوردە ئاوارەکانی ڕۆمادیە ئاوا ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەن و دەنووسن:

"پاش کۆنگرەی دەیەمی حیزب بە پەڕۆشەوە چاوەڕێی هەواڵی یەك بوونەوەی ریزی تێکۆشەرانی حیزبی شەهیدان پێشەوا قازی ، قاسملووی مامۆستا، شەڕەفکەندیی زانا بووین. سەرەنجام پاش دانیشتن‌و وتووێژو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی‌دا هەواڵی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بیست. بەحەق ئەو مزگێنی‌یە، مزگێنیی وەرچەرخانی مێژووی پڕ لە کارەساتی بزووتنەوەی گەلی کوردە، بۆیە جێی خۆیەتی هەزاران ئافەرین‌و سڵاو ئاراستەی تێکۆشەرانی دێموکرات بکەین."

کاك سەلاحەددینی موهتەدی دەنووسێ:

"یەکگرتنەوەی ئێوەی هاوسەنگەرانی دێرین‌و لەمێژینەی خەباتی کوردایەتی - دوای هەشت ساڵ دووبەرەکی‌و دڕدۆنگی - هەم ئازایی ئەخلاقی پێ دەویست‌و هەم ژیریی سیاسی. شوکر وا دەرکەوت کە ئەو دوو مەرجە مەوجوودە!"

مامۆستا مەلارەحیم عەبباسی بەو شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێ.

"سڵاوێکی برایانە، پاك وەك ئەوینی دڵدار، بەتین وەك هەناسەی هەژاری بێ پەنا. بەوپەڕی زەعف‌و زیللەتەوە دەستی نیاز بۆ بارەگای خودای موتەعال بەرز دەکەمەوەو دەڵێم: خوایە بەنەزەری ڕەحمەت‌و عینایەتی بێ نەهایەتی خۆت ئەو یەکگرتنەوە بەهۆی سەداقەت، دڵپاکیی برادەران لەگەڵ یەکتر بۆ ئەبەد بەردەوام بێت.

هەر چەندە کاری لەوە پیرۆزتر بۆ میللەتی بەشخوراو لە هیچ بوارێکی ژیان دا سۆراغ ناکرێ. بەنۆبەی خۆم پڕ بەدڵ‌و لە کانگای دڵەوە پیرۆزبایی بە هەموو خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و بە نوێنەری کوردی ئێران، حیزبی دێموکرات لە دەفتەری سیاسیەوە تا پێشمەرگەو کادرو هەوادارانی دەڵێم."

کاك سەلاح بەدرەدین سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە، دەڵێ:

"بەخۆشی‌و شانازی‌یەوە خەبەرمان پێ گەیشت کە حیزبەکەتان لەسەر بناخەیەکی دروست یەکیەتیی ریزەکانی وەدەست هێناوەتەوە، کارێك کە لە پاشەڕۆژێکی نیزیك دا خەباتە ڕەواکەتان بەهێز دەکا."

پییەر مۆروا، سەرۆکی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دەنووسێ:

"بەناوی خۆم‌و بەناوی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیستەوە، خۆشحاڵیی لە ڕادەبەدەری خۆم سەبارەت بە یەکپارچە بوونەوەی حیزبەکەتان دەردەبڕم. ئەم ڕاستی‌یە لەدرێژایی مێژوودا خۆی نیشان داوە کە یەکیەتی‌و یەکپارچەیی هەوێنی بەهێز بوونەوەو، ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دژی دێموکراتیك دا کە ئێستا لە ئێران دا لەسەر کارە، ڕاستی‌یەکی ڕوون‌و حاشا هەڵنەگرە."

هاوڕێیانی خۆشەویست ئەوەی بیستتان بەشێکی یەکجار کەمی نێوەڕۆکی ئەو نووسراوەو پەیام‌و مەتڵەبانە بوو کە دڵسۆزانی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات، لە پاش ئەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە ئیرادەی پۆڵایینیان "لبیك"یان بە بڕیاری کۆنگرەی دەهەم گوت، وەك

←

تەنگ پێ هەڵچنرانی زیاتر

(ئاماژەکانی هێرشی سوپای ئەمریکا بۆ سەر بنکەی بە ناو پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر)

عەولا بەهرامی

پێگەی لەرزۆك و لە هەمان کات دا تەریك کەوتنەوەی زیاتری ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا رێگای بۆ ئەوە خۆش کردوە کە ئەمریکا ستراتیژی نوێی خۆی لە عێراق بە شێوەیەکی لێبڕاوانەتر لەگەڵ رێژیمی ئێران بەرەورو بێتەوە و چاوەڕوانی ئاسایی بوونەوەی دۆخی عێراق نەبێ.

بەرەبەیانی رۆژی پێنج شەممە (٢١ی بەفرانبار)، دوابەدوای راگەیاندنی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لە عێراق، کە ئامانج لەو بریتیە لە گەڕاندنەوەی تەناهی و هێمنایەتی بۆ ئەو وڵاتە و دەربازبوونی ئەمریکایە لەو قەیرانەی کە لەو وڵاتەدا تووشی بووە، هێزەکانی ئەمریکا هەڵیان کوتایە سەر دەفتەری بە ناو پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر و وێرای دەست بە سەرداگرتنی بەڵگە و کەلوپەلەکانی و دەستبەسەر کردنی پێنج کەس لە ئێرانییەکان شوێنی ناوبراویان داخست.

ئەگەرچی دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی و یارمەتیکردنی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق شتێك نیە کە یەکەم جار بێ لەگەڵ رەخنەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەورو بووبێ، تەنانەت ماوەیەك پێشتریش دوو کاربەدەستی پایەبەرزی نیزامیی ئێران هەر لەم پێوەندییەدا لە بەغدا دەسبەسەر کران. بەڵام بە سەرنجدان بە رەوتی روداوەکانی ئەم دواییانە و ستراتیژی نوێی ئەمریکا لە عێراق دەکرێ ئەم روداوە هەڵگری کۆمەڵێك واتا و ئاماژەی نوێ بێ.

یەکەم: ئەم پەلامارە و داخستنی بنکەی پێوەندییەکانی ئێران لە هەولێر، بەشێکە لەو هەنگاوانەی لەم ستراتیژییە نوێیەدا بۆ رێگرتن لە یارمەتیی ئێران و سوریە بە ئاژاوەگێڕان و تیرۆریستان ئاماژەیان پێکراوە. دیارە ئەوەش لە راستیدا وڵامێکی شیاوە بۆ ئەو دەستێوەردانە ئاشکرایەی رێژیمی ئیسلامی لە عێراق و یارمەتیی ئەم وڵاتە بە تیرۆریستان و قووڵ کردنەوەی توندوتیژییەکانی نێو ئەم وڵاتە. بەڵام گرنگتر لەوە، هەر وەك لە قسەکانی جۆرج بوشیش دا ئاماژەی پێ کراوە، ئەوەیە کە هەوڵەکان بۆ پێشگرتن لە یارمەتیدان بە ئاژاوەچیان و تیرۆریستان کەوتوونەتە فازێکی بە تەواوی نوێوە و لەوانەشە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقیش بگرنەوە.

ئەم بەشە لە ستراتیژییەکەی ئەمریکا بۆ کورت کردنەوەی دەستی وڵاتانی دراوسێی عێراق بە تایبەت ئێران و سووریە، ئەگەر لە لایەك لە باری چۆنیەتیی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی عێراق دا گۆڕانی بەرچاوی تێدا پێك هاتووە، لە هەمان کات دا شێوازی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دەستێوەردانی وڵاتانی وەك ئێران و سووریەشی بە تەواوی گۆڕیوە. ئەمەش لە راستیدا وەك گۆڕانی تاکتیکیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم پێوەندیە (دەستێوەردان یان لە راستیدا ململانێی وڵاتانی ئێران و سووریە لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق) دا چاو لێ دەکرێ.

دیارە لە روانینێکی بەرفرەتردا دەتوانین ئەم هەنگاوە بە سەرەتای هێندێك هەنگاوی کردەیی دیکە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و دوژمنایەتیی ئەم رێژیمانەو بەتایبەت کۆماری ئیسلامی لەگەڵ رەوتی ئاشتی و دیموکراسی لە وڵاتانی فەلەستین و لوبنانیش چاو لێ بکەین.

کۆی ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو ئەوە بڕوا کە بە شێوەیەکی جیاوازتر و بگرە کردەییتر رووبەرووی دەستێوەردانە راشکاوانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست (بەتایبەت لە عێراق، فەلەستین و لوبنان) بێتەوە. ئەوەش دەتوانێ یارمەتییەکی باش بکا بە رەوتی ئاشتی فەلەستین ـ ئیسرائیل و دەربازبوونی لوبنان لەو دەستێوەردانانەی رێژیمی ئێران لە رێگای حیزبوڵڵاوە لە کاروباری ئەو وڵاتەدا دەی کا.

دووهەم: ئەگەر دەرچوونی بریاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی هێمنایەتی ـ ئەویش بە کۆی دەنگ ـــ وڵامێکی شیاو بوو بە سەرپێچییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان و ئەو مەترسیانەی بە هۆی چالاکییە ناوکییەکانی بۆ تەناهیی نێونەتەوەیی پێك هێناوە و لە راستیدا هەنگاوێك بوو لە پێناوی تەنگ پێ هەڵچنینی زیاتری ئەم رێژیمە سەرەرۆیە دەتوانین بڵێین کە هەنگاوانانی ئەمریکا بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەستی رێژیمی ئیسلامی ئێرانیش لە عێراق دا جۆرێك بەربەست دروستکردنە لە ئاست ئەو مەترسییانەی سیاسەتی دەرەکی و ئاژاوەگێڕانە و تیرۆریست پەروەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر تەناهیی نێونەتەوەیی و رەوتی ئاشتی و دیمۆکراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دروستی کردوون.

سێهەم: پێگەی لەرزۆك و لە هەمان کات دا تەریك کەوتنەوەی زیاتری ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا رێگای بۆ ئەوە خۆش کردوە کە ئەمریکا ستراتیژی نوێی خۆی لە عێراق بە شێوەیەکی لێبڕاوانەتر لەگەڵ رێژیمی ئێران بەرەورو بێتەوە و چاوەڕوانی ئاسایی بوونەوەی دۆخی عێراق نەبێ.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەکە قۆناغی سەرەرۆیی و ئاژاوەگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا بەرەو کۆتایی دەروا و ئەم رێژیمە سەبارەت بە سەرپێچییەکانی لە رێوشوێنە نێونەتەوەییەکانو وەمەترسی خستنی تەناهیی نێونەتەوەیی و دژایەتیی ئاشتی و تەبایی و رەوتی دیمۆکراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست لەگەڵ رووبەرروو بوونەوەی توندتری نێونەتەوەیی و بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەورو دەبێ.

درێژەی قسەکانی بەرێز مستەفا مەولوودی لە رێوڕەسمی ١٠ساڵەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب

ئافەرینو دەست خۆشانە لە خەڵکی کوردستانو دڵسۆزانی گەلی کوردو دۆستانی حیزبی دێموکرات وەریان گرت. کە ئەگەر بە سەرنجەوە تێیان بڕوانین دەزانین چەندە وشەی زێڕینو پەندو ئامۆژگاریی بەنرخیان تێدایە، کە پێویستە تێکۆشەرانی راستەقینەی دێموکرات بیانکەنە چرای رێگای دروستی خەباتو تێکۆشان.

بەڵام بەداخەوە لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کەسانێك هەبوون کە نە ئەوکاتو نە هەتا ئێستاش هەستیان بەبایەخو گرنگیی ئەو هەنگاوە پیرۆزە نەکردو لە ئامۆژگاریی دڵسۆزانمان پەندو دەرسیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوەی لایان وابوو کە وەسەر یەك کەوتنەوەی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات زیان بە بەرژەوەندیی تایبەتی تاکو گرووپیی ئەوان دەگەیێنێ. بۆیە لەهیچ کاتێك دا موافیقی یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی نەبوونو زۆر بە توندی دژی تەنانەت باس کردن لەسەر ئەو مەسەلەیەش رادەوەستان. جێی داخ ئەوە بوو پاش تێکەڵ بوونەوەش ساتێك لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کارە پیرۆزە کە ببوو بە هۆی یەکریزیی تێکۆشەران نەوەستان. بە شەوو بە رۆژ کاریان کرد، هەتا پاش کۆنگرەی ١٣ بەوەدەست هێنانی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیو بەدەستەوە گرتنی ناوەندەکانی بڕیار لە حیزب دا بە کردەوە ئەو دەسکەوتە بەنرخەیان لەبار بردوبەکاری بەردەوامی ١٢ساڵەو تێکۆشانی بەکردەوەی ٢ساڵو چەند مانگ، جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتیان تووشی دوو لەت بوون کردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێك دا یادی رۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ دەکەینەوە، کە بەداخەوە حیزبی دێموکرات بۆتەوە دوو لەت. لەتێك ئەوانەن کە هیچ کاتێك پێیان خۆش نەبووو نەیان ویست ئەو حیزبە ببێتەوە خاوەنی یەکیەتیی ریزەکانی. بەڵکوو ئەو کاتەش کە بەپێچەوانەی ئارەزووی ئەوان بنەماڵەی گەورەی دێموکرات وەسەریەککەوتەوە ساتێك بۆ لەباربردنی دەسکەوتەکانو نەزۆك کردنی هەوڵەکان راوەنەستان.

بەڵام بەشی زۆری حیزب لە هەردووك لای حیزب لە پاش کۆنگرەی هەشتەوە کە حیزبی دێموکرات تووشی جیابوونەوە ببوو. هەمیشە هەوڵیان داوە حیزبی دێموکرات یەکپارچەیی خۆی وەدەست بهێنێتەوەو بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار بکەن بۆ وەدەستهێنانی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان. لەو رێگایەش دا هەمیشە بە پشتیوانیی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان پشت ئەستوور بوون. ئێستاش کە بەداخەوە حیزبەکەمان تووشی لەتبوون هاتۆتەوە، رادەگەیەنین، ئەو هاوڕێیانەی لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کار دەکەن، هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ وەدەست هێنانی هەموو ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانو یەکریزیی هەموو تێکۆشەرانی راستەقینەی دێموکرات. لەو پێناوەش دا لەهیچ تێکۆشانێك دەریغی ناکەنو هەوڵی خەمخۆرانی بزووتنەوەی کوردیش لەو پێناوەدا بە بەرزی هەڵ دەسەنگێنینو پێشوازی لە هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانە دەکەن.

سڵاو لە یەکیەتیو یەکریزیی تێکۆشەرانی دێموکرات.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل بەتایبەتی رێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی

سەرکەوتوویێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان

بڕووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ کۆنفرانسی لاوان لە نۆرویژ

دۆستانی خۆشەویست!

ئەندامان و میوانانی کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ!

لەگەڵ گەرمترین سڵاوی شۆرشگێڕانە

بە ناوی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و لە لایەن هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێ دەکەین. بۆ ئێوە سڵامەتی و بەختەوەری و بۆ کۆنفرانسەکەتان باس و موناقەشەیەکی ئازاد و دیموکراتیك و زیندوو و ریزە بڕیارێکی گونجاو لەگەڵ رۆحی سەردەمو سەرەنجام سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

بۆ خۆتان باش دەزانن کە کۆنفرانسەکەتان لە چ هەلومەرجێکی کوردستانیو ناوچەییو نێونەتەوەیی دا پێك دێ. ئێوە زۆر باش ئاگادارن کە خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان چەندە پێویستی بە هەوڵو تێکۆشانو خەباتی بێوچانی کیژانو کوڕانی خوێندەوارو تێگەیشتووو پێگەیشتووی وەك ئێوە هەیە. بە ئاگاداری لەو راستییەیە کە لاوانی کوردی ئێمە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە نیشتمانی ئازیز یان، کوردستانی بەش بەش کراو هەمیشە لەگەڵ دەردو ئازارو ئاواتو ئامانجەکانی گەلی خۆیان دەژین و هەوڵ دەدەن ئەمڕۆ کۆمەگی پێبکەنو سبەینێ لە بەرێوەبردنی خەباتە رزگاریخوازانەکەی دا رۆڵی کاریگەریان هەبێ.

بە تێگەیشتنی نەخشی لاوانی ئەمڕۆو گەورەپیاوانی سبەینێ یە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو حیزبەی بۆ یەکەم جار رێکخراوی تایبەتی بۆ لاوانیکوردستان دامەزراند هەمیشە بە چاوی هومێدەوە ڕوانیویەتە نەخشی ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵو لە پشتگیریکردنو پێگەیاندنی لاوانو یەکیەتیی لاوان دا لە هەرچی لە توانای دا بووە، درێغی نەکردوە. سلاَو لە پێشەوا قازی محەمەد، ئەو رێبەرە کوردەی زیاتر لە شەست ساڵ پێش ئێستا گرنگیو بایەخی رۆڵی لاوانی ناسیو دەستی گرتن تا خۆیان خۆیان بەرێوەبەرن.

هاورێیانی هێژاو لاوانی خوێن گەرم!

کۆنفرانسەکەتان لە کاتێك دا پێك دێ کە بەتازەیی رێکخراوە شۆرشگێڕەکەتان لە دەستی کارشکێنیو دەستێوەردانی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رزگاری بووەو تازە خەریکە بە خۆی دا بێتەوەو ریزەکانی پتەو بکاتەوە. ئەو زۆرایەتییەی یەکیەتیی لاوانی تووشی دووبەرەکیو ئاڵۆزی کرد، بەداخەوە سەرەنجام توانی دووبەرەکیی نێو حیزبیش بگەیەنێتە لەتبوونو لێك دابڕان. بەڵاَم هەم بۆ ئێمەو هەم بۆ ئێوە ئێستا ئەو دەورانی دووبەرەکیوململانێیە بۆتە بەشێك لە مێژوو. لەمەولا وەختی نوێبوونەوەو بەخۆداچوونەوەو بووژانەوەو سازدانەوەیە. داوامان ئەوەیە لە رابردووی پڕ تراژیدیای سالاَنی رابردوو ببڕێنو بە لێبڕاوییەوە دەست بکەن بە بنیاتنانەوەی یەکیەتییەکەتان لە سەر بناغەی براییو تەباییو قازانجی گەلو ئامانجی دوارۆژی نەتەوەو نیشتمانەکەتان بکەنە تەنیا هاندەرو رێ نیشاندەری خۆتان.

بە پێچەوانەی رەفتارێك کە زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە گرتبوویە پێش، ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا رێزی تەواو بۆ سەربەخۆیی بریاری یەکیەتیی لاوان دادەنێینو هەر چەشنە دەست تێوەردانو خۆ بە سەرپەرست زانینێك بۆ یەکیەتیی لاوان بە نارەوا دەزانین. هەر لەو کاتە دا دڵنیاتان دەکەین لە هەر بوارێك دا یەکیەتیی لاوان پێویستی بە کۆمەگو پشتیوانی، یان رێنوێنی حیزبی دیموکرات هەبێ، ئەم حیزبە لە هیچ یارمەتی یەك کە لە توانای دا بێ درێغ ناکا.

هەر لەم دەرفەتە دا پێ لە سەر ئەم راستییە دادەگرینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك هەمیشە لە سەر هێزی لە بڕان نەهاتووی لاوانو نەخشی کاریگەری یەکیەتیی لاوان حیساب دەکا. هیوادارین پێوەندیی نێوان حیزبەکەمانو یەکیەتییەکەتان رۆژ بە رۆژ پتەو بوونی زیاتر بە خۆیەوە ببینێو هەوڵو تێکۆشانو خەباتو فیداکاریی تێکۆشەرانی هەر دوولا وەك دوو رووباری خوڕێن تێکەڵ بە یەك ببنەوەو خشتو خاڵی زوڵمو زۆرداری لە وڵاتە زۆرلێکراوەکەمان رامالن.

سەرکەوتن بۆ لاوانو یەکیەتیی لاوانو کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ.

سلاَو لە خەباتو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانو رابردووە پڕشنگدارەکەی.

سڵاو لە شەهیدانی لاوانو یەکیەتیی لاوان لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردا.

پتەوتر بێ پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دووبارە پیرۆز بێو هەر خۆش بن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠٠٧/١/٦
١٣٨٥/١٠/١٦

بڕووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٤٥٣ (٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٥)

دوو کەس بووین

جەمال نەجاری

تۆ لە نێوان من و ئەم شەقامە بێ عەشقەدا
سەفەر دەکەی،
هێشتا مەرگمان نەبینیوە،
هێشتا مەرگمان نەناسیوە،
ژین بۆ تاکسی و
پارە بۆ نان و
ئەوەندەی موسافیر بۆ گەیشتن،
هیچ ڕێگەیەك ئاوەها دوور نەبوو.

☼☼☼

ئێمە لە مێژووی بێ سەر و شوێنی باران و
هەناسە ماندووەکانی ژێر بەفر
دەگەڕێینەوە.
تەمای چیم بێ لە چەتر
کەتەنیا جێی تۆ دەبێتەوەو بەس.
ئێمە لە چواررێیانی پێکەوەبوون،
بەیەکەوە پێکەنین،
چی (ئەنفال) و (هەڵەبجە) بوو لە بیرمان
کرد.
سبەی ژیان چی بەسەر ئەم شارە دەهێنێ
(مەڕۆ)!
تۆ کە حەزت دەکرد ڕەنگی تاکسیەکان
(سەوز) با و
نارنجی تەنیا لای تۆ (پرتەقاڵ) بوو.
من کچێ دەناسم،
نارنجەکانی سەر سینگی بە مانتۆ
دەشارێتەوە،
تەمای چیم بێ!
کە تەنیا خۆی لە بینینیان تێر دەخوا و
بیر ناکاتەوە ئەم ڕێیە تا کوێی سەفەر دەڕوات.
نە بە من دەگەڕێتەوە
و نە ئەویش دەمانگەڕێنێتەوە رابردوو

☼☼☼

تۆ وتت هەمیشە دەریا بکە بەرت،
تا بە شینی ئەم عەشقە شاعیر بم.
ئەرێ ئەم شارە لە دووکەڵدا خنکا
یان هەواڵنێرەکان درۆیان کرد؟؟؟؟

☼☼☼

ئێمە هێشتا گەرمای مەرگمان نەچێشتووە،
{دوو کەس بووین}
لە باوەشی شەقامێکدا فێربووین
بە زووترین کات ژمارە تەلەفۆنەکان لەبیر
بکەین،
تا سبەی لە هەراسی (٥٠٠٠) و (١٨٢٠٠٠) ژمارە
نەترسین.
ئێمە لەگەڵ ڕۆحی خۆمان،
لە ژێر باراندا سەمامان کرد.
تەمای چیم بێ کە چەترێك نەبوو تا ئێوارە
لە ژیریا بحەسێمەوە.

☼☼☼

من پێم وتی: بهێڵە با پەپوولە بباری و پاییز
هەڵوەری،
ئەمانەم لە ڕەشنووسی دووایین شێعری
دەفتەرەکەم هەڵبژارد
کە خەریك بوو لەبیر دەچوونەوە!

☼☼☼

دەچۆن ئارام بگرم،
من دەمێکە لە تارمایی ئەم شەقامەدا وێڵم،
{دوو کەس بووین}
بووکە شانۆی سەرشەقام و خەڵك قاقا پێمان
پێدەکەنن.
مناڵانی (هەڵەبجە) و (ئەنفال)یش
بۆنی باڕووت و خۆڵەمێشیان لێدەهات.
(مەڕۆ)!
ئەم سەوزانە تا دارستان سەفەر ناکەن،
پیاوکوژن . . . . . .!
ئەم شۆفیرانە دەمێکە جەستەی هەتاویان ناشتووە.
کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و شارە ڕووخاوەکان
هەموویان بێ ئادریس و بێ ژمارە تەلەفۆنن.

☼☼☼

ئێمە ئەمجار لە تراژیدیاییەکی نوێتر دەگەڕێینەوە
لاتان.

☼☼☼

{دوو کەس بووین}
هەرخۆمان، خۆمان فریوداو
هەر خۆمان، خۆمان ئاشق کرد و
هەر خۆشمان، خۆمان کوشت!

☼☼☼

هێشتا چاومان بە باران تەڕ نەببوو
بەفر دایکرد.
هێشتا سەیری نارنجەکانم نەکردبوو،
تاکسییەك هەواڵی دارستانی لێمان دەپرسی.

☼☼☼

تۆ پێت وتم:
دەست لە ناو دەستی ئەشق نێ با تەنیا نەبم!
پەپوولە دەوەرێ و
پاییز دەبارێ بە سەرماندا. . . . . .

☼☼☼

ئێمە خۆمان بە خۆمان وت:
قەت لەسەفەردا شێعر نەخوێنینەوە و
گەمە بە وشەکان نەکەین،
شەقامەکان بنووسین و
هەواڵی ئێوارەیەکی دووکەڵی بخەینە ناو
ڕۆژنامەیەکی
بەیانییەوە.

☼☼☼

من هەمیشە دەریا دەپۆشم،
تۆ لە چاوما پۆل پۆل باران هەڵفڕینە و
شەپۆل شەپۆل وشەی تازە ببارێنە بەسەر سینگ
و نارنجەکانا
تەمای چیم بێ،
کە گاڵتە بە خۆم بکەم و بە تاکسییەکانیش،
تۆ قاقا پێ بکەنی بەم شیعرە.

☼☼☼

هێشتا لە ڕەشنووسی ئەم سەفەرەدا،
تۆ لەنێوان من و ئەم شەقامە بێ ئەشقەدا
موسافیری . . . . . .
بحەسێوە،
لە ژێر چەتری بی باراندا،
نەفرەت لەوانەی حەزیان لە نارنجەکانی سەر
سینگتە!
ئاگادار بە،
ئەم شۆفیرانە دەمێکە جەستەی هەتاویان
ناشتووە.

☼☼☼

من پێم وتی: بۆنی عەتر و باران جێ مەهێڵە،
ژمارەکان مەدە دەست ڕەشەبا،
بیاندڕێنە نامەکانی سەفەر و
دارەکانی دارستان و
هیچ ڕێگەیەك ئاوەها دوور نەبوو.

☼☼☼

تاوێك لە ژێر ئەم چەترەدا بحەسێوە،
باران دەمێکە ناباری و
شار لە دووکەڵی ئێوارەدا
هەر دوور و دوور و دوورتر دەبێتەوە لێمان . . . .
. . .
وەك گەڵای پەپوولە و
ڕۆحی سەوز هەڵگەڕاوی پاییز.
{ئیمە دوو کەس بووین}
من و
خۆم و
سێبەرەکەم.

بۆکان ـ ٢٧٠٣ی کوردی

دەق (Text)

دەق بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستەواژەیەکی پووچەڵە(خنثی)" کە بە گشت بابەتێکی توێژینەوەی کولتووری: چ نووسراوە بێ یا چالاکیەکی ئایینی" شارێك یا ڕەوتێکی زانستی دەگوترێ. بەو پێیە لە تێۆریی ئەدەبی دا، دەق بە چوارچێوەی دابەشکارییەکانی ژانر گەلێکی وەك "غەزەل" یا"ڕۆمان" دەگوترێ بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە هەر لە گۆڕێ دابێ کە ئایا ئەو شتەی تاوتوێ کراوە هەڵگری تایبەتمەندیی ژانر و (جۆرە ئەدەبیەکانە) یان نا؟ بۆ وێنە"شەپۆلەکانی" ڤیرجینیا وڵف دەقێکە کە دەیهەوێ سنوورەکانی نێوان شێعری لیریکی و ڕۆمان تێك بدا و "حەکایەتی زستانی" شکسپێر هاوکات و(لە وانەیە بە ئانقەستیش) تراژیدی و کۆمێدی و ڕۆمانسیە. هەر بەم شێوەیە "گەرمێنی یە خەمبارەکانی" کلۆد لیڤی شترۆس ئەگەرچی بە ڕواڵەت دەقێکی مرۆڤناسیانەیە بەڵام کەڵك وەرگرتن لە تکنیکەکانی ڕۆمان نووسی وەرگرتووە.

بەم حاڵەوە"دەق" لەو کەڵك وەرگرتنانەی کە لێی دەکرێ دەتوانێ نەك پووچەڵ و بەتاڵ نەبێ بەڵکوو هەڵگری باری واتایەکی قورسیش بێ. ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی ژاك دریدا کە دەڵێ:"هیچ شتێك لە دەرەوەی دەق بوونی نیە" بەم شێوەیە خراپ لێکدەدرێتەوە کە جیا لە زمان هیچ شتێك بوونی نیە. تەنانەت شێوەی ڕاڤەیەکی جێی متمانەتر لەوەش(ئەوەیکە ئەگەر وای دانێین ژیان نامەی ڕۆسۆ بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی ژیانی بە کار بێنین، لە ڕاستیدا سەروکارمان دەگەڵ هێندێ بەڵگەی نووسراوە لە سەر ژیانی ئەو هەیە کە هەمووشی بە دەستی خۆی نوسراونەتەوە) پانتایەکی زیاتری بە خۆوە گرتوە. ژولیا کریستوا ڕای وایە دەقەکان لە ڕێگەی پرۆسەگەلێکی دەروون ناسیانە و ژین ناسیانەی تێك سمڕاوەوە دەخوڵقێن کە سەرە تا بواری پشکوتنی واتا و دواتر تێك دران یا هەڵوەشاندنەوەی واتا دەرەخسێنن کە بە ڕای ئەو لە ڕاستیدا دەکەوێتە دەرەوەی واتا.

سەرچاوە:

کتێبی: فرهنگ اندیشەی انتقادی

نووسینی: کۆمەلێك نووسەر

وەرگێڕانی بۆ فارسی: پیام یزدانجو

وەرگێران بۆ کوردی:ڕێژوان

هەناسەسوار

هۆزان

مالێك باری کرد کەس نەیگێڕاوە
بۆخۆم دانیشتم دڵخۆشیم داوە

کەجامی عەشقی رشتم دەمەوئێوارە دەریا
بزەی هەڵبەستی کوشتم بە ئەم کۆچبارە دەریا
رازی ژیانی تێدا بوو گۆمەشینی چاوی
کەچی ئێستاکە چاوگەی خەمو ئازارە دەریا
باهۆزی خەم شکاندی پاپۆری سەوزی هیوام
هەر دێمو ڕێگە ئەبڕم زۆر بێ بوارە دەریا
جوابی سلاوی سەوزی بارانی بۆ نەداوە ؟
لە تافگەو چۆمو کانی دەڵێی بێزارە دەریا!
دەترسم چاوی ڕوونی شەپۆلی لێڵ کرابێ
کەوا خەمگینو ساردو بێئۆقرە دیارە دەریا
چۆپی دەکێشێ ئێستا لەسەر جەنازەی عەشقم
بژی ئاکاری ئەمڕۆی تەواو شاکارە دەریا
بڕوام بە چۆمو کانیو بارانە چۆن بمێنێ
یەکەم هەنگاوی عەشقەو هەناسەی سوارە دەریا

زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

ن: حسین یەعقووبی
و: سمایل زارعی

گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیی جیهانی

بەشی سێزدەهەم

گرفتەکانی وەرگێڕانی ئامرازی

- چەند واتایی

وشەگەلێك کە چەند واتای جۆراوجۆریان هەیە دیاریکردنی واتای گونجاویان لە دەقێکدا بۆ کۆمپیۆتێر کارێکی ئەستەمە.

بۆ وێنە Head لە زمانی ئینگلیزیدا و دندە لە زمانی فارسیدا.(دندە لە فارسیدا بەو واتاگەلە دێ: پەراسوو، گێڕی سەیارە، بە ددانی تایە یا مێلە یان شتێکی ددان دار و... وەرگێڕ)

- هەم چەند واتایی

چەند وشەی جۆراوجۆر کە پێکهاتەی زمانێکی یەکسانیان هەیە و بە واتایەکی دیکە چەند واتایەکیان هەیە کە یەك وشەی یەکسان هێماگەرییان دەکا دیاریکردنی واتای ئەم وشەیە لە دەقدا بۆ کۆمپیۆتێر نالواو و ئەستەمە.

وەك شیر لە زمانی فارسیدا و Spring لە زمانی ئینگلیزیدا.

- ناڕوونییەکانی ستراکتۆری(پێکهاتەیی)

هێندێکجار نەك واتای جیاوازی وشەکان بەڵکو ستراکتۆری ناڕوونی رستەیەك دەبێتە هۆی دڕدۆنگی تەنانەت بۆ وەرگێڕێکی مرۆڤیش دەبێ جا چ بگا بە کۆمپیۆتێرێکی نائاگا لە زانستی دەروون زمانی.

نموونەی ئینگلیزی Flying planes be dangerous

واتای یەکەم: فڕین بە فڕۆکە مەترسیدارە.

واتای دووهەم: ئەو فڕۆکانە لە حاڵی فڕیندان مەترسیدارن.

نموونەی فارسی: "بخشش لازم نیست اعدامش کنید".

(پێویست ناکا لێی خۆش بن لە داری دەن) ﴿ ئەم رستەیە بە یەك "فاریزە" (،) واتاکەی دەگۆڕدرێ، بۆ وێنە "لێخۆش بوون، پێویست ناکا لە داری دەن" واتە لێی خۆش بن و لە داری مەدەن، بەڵام "لێخۆش بوون پێویست ناکا لە داری دەن" واتە پێویست ناکا لێی خۆش بن، لە داری بدەن. سەرنج بدە بە جێ گۆڕکێی هێماکانی رێزمانی کە تا چ رادەیەك کاریگەری دەخاتە سەر واتای ناوەڕۆك. و﴾

- ناڕوونییە ئاراسەکان(ارجاع)

راناوەکان ئاماژە بە وشەگەلێکی دیاریکراو دەکەن بەڵام هۆشی دەستکرد دیاریکردنی ئەوەی کە ئاراسەکردنی راناو راست بۆ کام وشەیە کارێکی ئەستەم و دژوارە.

نموونەی فارسی: "من گربەام را در خیابان گم کردم. ممکنە اونو دزدیدە باشن". (پشیلەکەم لە سەر شەقام لێ ون بوو. وێدەچێ لێیان دزیبم)

نموونەی ئینگلیزی: My cat was chasing a mouse. It played with It (هۆش و هزری دەسکرد نازانێ کە کام It بۆ مشك و کام It ئاماژە بە پشیلە دەکا).

- هێماکان و میتافۆرەکان و پەندەکان

هێماکان و میتافۆرەکان و پەندەکان پێوەندییان بە کولتوور و مێژووی کۆمەڵگاوەیە و زۆربەی کاتەکان وەرناگێڕدرێن. بۆ وێنە: "میان همە پیغمبرها جرجیس را پیدا کردە است". (هەر شاییان بە عومەر بوو، ئەویش بە سوونە دەرچوو. و).

- وشە هاوتاکان

گەلێك وشە هەن کە واتایەکی تاڕادەیەك هاوشێوەیان هەیە و پێویستی بە دۆزینەوەی شتێکی گونجاوی زانستی بان زمانی و شارەزا لە پێکهاتە و شێوازی نووسینە.

نموونە: وشەگەلی باش، خاس، پەسند، قەبوولێ واتاگەلێکی کەم و زۆر یەکسانیان هەیە بەڵام بۆ وێنە لە کاتی پێناسەکردنی سەلاجەیەك تەنیا دەتوانین کەڵك لە وشەی باش وەرگرین.

- بوونی وشەکان لە چینە جۆراوجۆرەکانی رێزمان دا

بۆ وێنە وشەی sound لە ئینگلیزیدا هەم بە واتای ناو، هەم بە واتای راناو و هەم وەك کردەش کەڵکی لێوەردەگیردرێ و دیاریکردنی هەر کام لەم نموونانە بۆ کۆمپیۆتێر ئەستەمە.

- لە بەرچاوگرتنی رێزبەندی وشەکان و تایبەتمەندییەکانی نیمچەزمانی

لە هەموو زمانەکاندا رێزی وشەکان وەك ئینگلیزی نیە (بکەر + کردار+ کاربەر) و جگە لەوە هێندێك تایبەتمەندی نیمچەزمانی دیکە لە هێندێك زمان هەیە و لە زمانەکانی دیکەدا نیە.

نموونە: زمانی چینی و ژاپۆنی سیستمی نوختە دانانیان نیە.

- گۆڕان و گۆڕانکاری لە زماندا

زمان هەڵسووڕ و لە حاڵی گۆڕان دایە و وشە و واتاگەلی نوێ بەردەوام لە حاڵی درووستبووندان و ئەوەش پێویستی بە سەردەمی کردن یا ئەمڕۆیی کردنی فەرهەنگی وشەکانی کۆمپیۆتێریە.

نموونە: Telnet, Secure shell لە ئینگلیزیدا و لە فارسیدا "چد حال" (تەریق کردنەوە) و "خفن".

جۆرەکانی سیستمی وەرگێڕانی ئامرازی

لە سەر بنەمای سیستمەکانی وەرگێڕان، ئارنۆلد (١٩٩٤: ٢٢٤ – ٢٢٠) ئەو پۆلێن بەندییەی خوارەوەی بۆ ئامرازەکانی وەرگێڕان داناوە:

ئا- سیستمەکانی وەرگێڕانی راستەوخۆ

یەکەمین سیستمەکانی وەرگێڕانی ئامرازی لە سەر بنەمای وەرگێڕانی راستەوخۆی دوو زمان بە یەکتر(زۆرتر رووسی و ئینگلیزی) دارێژرا ئەم سیستمانە لە سەر بنەمای هیچ جۆرە مۆدێل یا تیۆرییەکی زماننناسییانە درووست نەکرابوون و لەواندا لانیکەم راڤە و لێکدانەوەی پێویست بۆ گۆڕینی دەقی زمانی سەرەتا بۆ زمانی مەبەست ئەنجام دەدرا.

LOGOS رەنگە پێشکەوتووترین مۆدێلی پێوەندیدار بەم کۆمەڵە لە سیستمەگەلێکە کە بتوانێ وەرگێڕانی ئینگلیزی بە ڤیتنامی، ئاڵمانی، فەڕانسەیی، ئیسپانیایی و بە پێچەوانە بکا و بتوانێ لە هەر کاتژمێکدا ٢٠٠٠٠ وشە وەرگێڕێ.

ج – سیستمەکانی گواستنەوە

لەم سیستمەدا پرۆگرامێك بۆ لێکدانەوەی دەروونی و پرۆگرامێك بۆ درووستکردنی دەرەکی هەبوو. ناسراوترین ئامرازی وەرگێڕانی سەر بەم سیستمە Taum – Meteo بوو. ئەم سیستمە لە ساڵی ١٩٧٧ بەملاوە ساڵانە ١٥ میلیون وشەی لە ئینگلیسییەوە بۆ فەڕانسەیی بە بێ دەستێوەردانی وەرگێڕی مرۆڤی وەردەگێڕا. ئەم ئامرازی وەرگێڕانە کەڵك لە فەرهەنگێکی بچووکی دوو هەزار وشەیی وەردەگرێ و دەتوانێ وەرگێڕانی پۆخت و جێگای پەسندی کەش و هەواناسی ئەنجام بدا. لە ١٩٨٩بەملاوە پرۆگرامی وەرگێڕانی فەڕانسە بە ئینگلیسیش بەم سیستمەوە زیاد کراوە.

زوحاك و دوو مارەکەی سەر شانی

رەسوول سوڵتانی

دەگێڕنەوە رۆژێك کە زوحاك لە سەرتەختی پایەتی دانیشتبوو، ئافرەتێکی نەشمیلانە و لەبەر دڵان ، دێتەلای. ئەو ئافرەتە ئینسان نەبوە بەڵکو شەیتانە و لە رواڵەت و روخساری ئافرەتێکی دڵڕفێن دا دێتە لای و داوا لە زوحاك دەکا ئیزنی پێبدا سەر شانەکانی ماچ بکا. کاتێك زوحاك ئیزنی پێدەدا و ئەم کارە دەکا کتوپڕ لە چاوان نەدیو دەبێ و لە جێ ماچەکانی ئەو، دوو مار دێنە دەرێ. ئەم دوو مارەی سەر شانی زوحاك شاڵاوی بۆ دێنن و هەڕەشەی خواردنی لێدەکەن. پزیشکان پێی دەڵێن دەبێ رۆژانە مێشکی دوو گەنج بکوڵێنن و بیاندەنێ ئەگینا ئەو مارانە مێشکی زوحاك دەخۆن. بەمجۆرە فەرمان دەدا هەموو رۆژێ دوو گەنج بێنن و سەریان ببڕن و مێشکەکانیان بدەن بە مارەکان. ئەو کەسەی مەئموری سەربڕینی گەنجان بوو رۆژانە تاقە لاوێکی دەکوشت‌و یەکێکیانی بە درزییەوە بەڕێی شاخ دەکرد و لە بری ئەو مێشکی سەری مەڕێکی دەردێنا و دەیدایە مارەکانی زوحاك. زوحاك سەرەنجام بە دەستی کاوە ئاسنگەر و ئەو ژمارە گەنجەی هەڵاتبوونە شاخ لە ناو چوو.

***

حەکایەتی زوحاکی مار لە شان لە خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك رەمزە کە لە حاڵەتی ئەفسانەییەوە دەکرێ بهێنرێتە حاڵەتێکی شی کردنەوەیی و بە راڤە و کردنەوەی ئەم رەمزانە بگەین بە مانا نهێنییەکانی نێو دەقەکە. بۆ ئەوەی ئەم دەقە لە دەقێکی مێژووییەوە ببێتە دەقێکی ئەمڕۆیی و گیانی ئەمڕۆی بە بەردا بکرێتەوە. پێویستە رەمزەکانی شیتەڵ بکرێنەوە و باری مانایی شاراوەی نێو ئەم رەمزانە ئاشکرا بکرێت. مار وەك بوونەوەرێك زیاتر وەبیرهێنەرەوەی ئازار و ژان و لە ئاکام دا مەرگە. مەرگ هەر لە سەرەتای ئەم ئەفسانەیەوە هەتا کۆتایی ژیانی زوحاك سات بە سات لە ئارادایە و توخمی سەرەکی‌و نادیاری حەکایەتەکەیە.. مەرگێك کە وەکوو هێمایەکی سامناك لە جەستەی زوحاکەوە و لە شێوەی دوو ماردا سەر هەڵ دەدا.

سەرەتای حەکایەتەکە، لە رووی شوێنەوە، ئەو جێگایەیە کە زوحاك لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی لێداوەتەوە. تەختی دەسەڵات خۆی بەرهەمهێنەری بەرزە دەماخی و فیز و ئیفادەیە. لێرەوە دەلالەتەکان بەرەو ئاراستەی خۆ بە زل زانین و خۆ بە خوا زانین دەڕۆن. بەرەو ئاقارێك کە دەسەڵاتدار خاوەنی هێزی گیان ئەستاندنە لە پێناو بەردەوام بوونی تەخت و دەسەڵاتەکەی خۆیدا. لە وەها حاڵەتێك دا "شەیتان" لە سیمای ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ دا لێی‌وەژوور دەکەوێ و داوای لێدەکا سەرشانی ماچ بکا. شەیتان هێمای وەسوەسە کردن و خەڵەتاندن و بەلاڕێدا بردنە. شەیتان لە کاتی راودا، لەسەر سفرەی خواردن و لە ژووری خەوتن دا نایەتە لای زوحاك. بەڵکوو لەسەر تەختی دەسەڵات، لە کاتێك دا کە غروری زوحاك لە چڵەپۆپەدایە و لەو حاڵەتەدا وەسوەسەبوون نەك شتێکی نامۆ بەڵکوو لەوپەڕی سروشتی بوونداید. شەیتان لە سیمای بوونەوەرێکی دیکەدا تەنانەت لە سیمای پیاو چاکێك دا نایەتە لای زوحاك. لە سیماو روخساری ئافرەتێك دا دێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە ئەزەلیە کە لە زۆربەی ئایینەکان دا هەیە و پێیان وایە ئادەم لە بەهەشتێ دەر نەدەکرا ئەگەر دایەحەوا فریوی شەیتانی نەخواردبایە و بەو پێیە لە نەستی مرۆڤی کۆمەڵگای پیاوسالاردا ئافرەت هەر لە ئەزەلەوە هاوکاری شەیتان بووە لە وەسوەسە کردن و بەلاڕێدا بردنیدا. لێرەش دا دەبینین شەیتان جارێکی دیکەش لە رواڵەتی ژندا دەردەکەوێتەوە و ئەم دەورە درێوە دەگێڕێ.بەڵام ئەمجارەیان بە ماچێك لەسەر شانی گەورە و بەڕێوەبەری وڵاتێك. ئەو مارانەی لە جێگەی ماچەکان دێنەدەرێ و بەردەوام شاڵاو بۆ مێشکی زوحاك دەبەن تەنیا بە خواردنی مێشکی گەنجان سوکناییان دێ و دەسرەون. بە خواردنی دڵ و سی و جەرگ و ... نا، تەنیا و تەنیا بە خواردنی مێشك. ئەویش نەك مێشکی پیرەپیاوان یا لانیکەم ئاسکە کچان واتە کچانی عازەب‌و پێگەیشتوو. ئەوەش بە شێوەی نەگوتراو چەند پەیامێکی لە خوێدا هەڵگرتوە. یەکەم: دڵ و جەرگ و ... بە شوێنی عەقڵ و بیرکردنەوە نەناسراون بەڵکوو دڵ زیاتر بە چاوگەی هەست ناسراوە و تەنیا مێشك بە چاوگەی بیرکردنەوە ناسراوە.

دووهەم: سوکنایی هاتنی ئەو مارانە بە خواردنی مێشك کە دواتر دێینەوە سەری

سێهەم: روانینی کۆمەڵگا نەریتی‌یەکانە بۆ مەسەلەی پیاو و ئافرەت. ئەوەیکە ئەو مارانە دەبوایە مێشکی دوو کوڕی گەنجیان پێ بدرێ نەك دوو کچی لاو، دەمان باتەوە سەر چاوگەی ئەو باوەرە کە تەنیا رەگەزی نێرینە بە ژیر و خاوەن عەقڵ دەزانێ. لە راستی‌دا زوحاکیش شەڕی دەسەڵاتێکی خۆ بە حەقیقەت زانە دەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوە. هێزی گەنج، هەمیشە هێزێکی نەسرەوتووی کۆمەڵە. هێزێکی یاخی‌یە و حەزی لە جیهانێکی پڕ لە جووڵەو گۆڕانە. ئەو شتانەش کە بەشێکی گرینگن لە حەز و خولیاکانی گەنج مەترسیەکی گەورەن بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی خۆی وەکوو حەقیقەتێکی نەگۆڕ چاو لێدەکا. لێرەوە دوو هێز بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە، هێزێك کە خۆی بە خودای دەسەڵاتدار دەزانێ و خوازیاری مێگەلاندنی خەڵکە و هێزێکی دیکەش کە هێزێکی بزۆز و بگۆڕە و ناچێتە ژێر باری ئەم ویستە پاوانخوازانەیە. هێزی یەکەم هەموو ئیمکانات‌و تواناکانی دەسەلاتدارێتی خۆی دەکار دەکا بۆ دەستەمۆکردن و دەسخەرۆ کردنی گەنجان و ئەگەریش بۆی نەکرا دەبێ بیانکوژێ. هێزی دووهەمیش واتە گەنجان یا بەربەرەکانێ دەکەن و دەکوژرێن یا ئەوەیکە رێگەی شاخ و دەربازبوون دەگرنە پێش.

ئەوەیکە رۆژانە دەبوایە دوو گەنج سەر ببڕدرێن و مێشکیان دەربهێندرێ، دەلالەتێکی روونە بۆ بەتاڵ کردنەوەی مێشکی ئەم توێژەی کۆمەڵگا لە هەرچەشنە بیرکردنەوە و بۆچوونێکی گۆڕانخوازانەو لە ئاکام دا چەوسانەوەیان لە رووی فیکرییەوە بە مەبەستی گوێڕایەڵ کرنیان ئەم مارانەش کە وەك باسمان کردن لە راستی‌دا دەکرێ هێمای زێدەرۆیی و خۆبەخودا زانین و سەرکوت بن تەنیا کاتێك ئۆقرە دەگرن کە هیچ دەنگێکی جیاواز نەبینن‌و هیچ نارەزایەتیەکی گشتی مەترسیی نەمانیان بە دیاری بۆ نەهێنێ. هەر بۆیەش لە پرۆسەیەکی بەردەوام و سیستماتیك دا دەست دەکا بە بەتاڵ کردنەوەی مێشکی گەنجان. لەبەر ئەوەی توێژی بەساڵاچوو تا رادەیەك ملی راکێشاوە بۆ ئەم ئازارە وەکوو قەدەرو چارەنووسێکی دیاریکراو. بەڵام گەنجان پێی نامۆن و ئەم پێ نامۆبوونەش بەرەو مەرگێکیان دەبا کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆ بە حەقیقەت زانینی ئەوەی دەسەڵاتدار. بەڵام لێرە لە ناو دەزگای دەسەلاتی زوحاك دا کەسێك هەیە کە مەئموری سەربڕینی گەنجەکانە. ئەم جەللادە لە ئاستی خوارووتری دەسەڵاتدا هەموو رۆژی یەکێك لە گەنجەکان بەرەڵلا دەکا و لە بری ئەو مەڕێك سەر دەبڕێ. گەنجی ئازادکراویش رێگەی شاخ دەگرێتەبەر. ناچێتەوە نێو شار و دێهاتان لەبەر ئەوەی زوحاك مێشکی خەڵکێکی ئێجگار زۆری بۆش و یەتاڵ و دەستەمۆ کردۆتەوە و ئەوانە جیا لە بەرژەوەندی و خۆشیی زوحاك هیچ شتێکی دیکەیان بۆ گرینگ نیە و گەنجی ئازاد کراو ئەگەر لە شاران نەچێتە دەر هەر ئەو مێشك بەتاڵ کراوانە دەیدەنەوە دەست دەزگای زوحاك و ئەویش بەو مەرەدە دەچێ. لە لایەکیشەوە شاخ هێمای خۆراگرییە و ئەوان سەرەنجام لە شاخەوە خۆیان رێك دەخەن و لە نیوە شەوێك دا بە رێبەرایەتیی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاك دا دەدەن و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕن و ئەم هێزە ئاقارێکی دیکە دەگرێتە بەر و دەسەلاتی خۆ بە حەقیقەت زانیش رێگای تێدا چوون.

بەگشتی ئەوەی ئەم ئەفسانەیە وەکوو رەمز لە خۆیدا هەڵی گرتوە: هەوڵ دانی دەسەڵاتی خۆ بە پیرۆز زانی زوحاکە بۆ چەوساندنەوەی بەرەی نوێ‌و گۆڕانخواز لە رووی فیکرییەوە. هەوڵ دانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە هەتا سەر ئێسقان گوێ رایەڵی دەسەلاتەکەی ئەو بن‌و ئەوەش تەنیا کاتێك مسۆگەرە کە توانای بیرکردنەوەو روانین‌و هەڵسەنگاندن لە خەڵك زەوت بکرێ‌و ئەم مەبەستەش تەنیا بە گەندەڵ کردن‌و دەستەمۆکردنی مێشکەکان مسۆگەر دەبێ. دوومارەکەی سەرشانی زوحاك دەکرێ هێمای دوو وەزیری فێڵ بازو تینووی بە دەسەڵاتیش بن کە وەك راوێژکارێکی هەمیشەیی رێگەی مەرگ بۆ زوحاك دەکێشن.

هاوخەباتیی خوێندکاران و مامۆستایان

هێمن سەیدی

لە پۆلێن کردنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بۆمان دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو چین و توێژانە، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پێکەوە پێوەندییان هەیە، بەڵام هێندێکیان بە هۆی جۆراوجۆر، پێوەندییەکەیان پتەوترە. دوو چینی خوێندکار و مامۆستا لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و سیاسییەوە پێوەندیی پتەویان لە نێواندا هەیە. لە بواری ئابوورییەوە هەردووکیان سەر بە چینی ناوەندی، یا کەم داهاتی کۆمەڵگان و ناتوانن لە بڕیار و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا دەوری سەرەکییان هەبێ. لە بواری کولتوورییەوە بۆخۆیان خاوەنی کولتوورێکی تایبەتن کە بە کولتووری زانکۆ ناسراوە و شوناس و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەباری کۆمەڵایەتییەوە سەر بە چینی خاوەن فکر و رووناکبیری کۆمەڵگان کە بە پێچەوانەی بوارە ئابوورییەکە دەتوانن لەو مەیدانەدا چارەنووس ساز بن و بڕیار بدەن و شوێن پەنجەیان لە دیاری کردنی مەسیری فکریی کۆمەڵگادا دیار بێ. لە بواری سیاسییەوە هەم خوێندکاران و هەم مامۆستایان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات دان و ڕەخنەگری سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی حاکم بەسەر کۆمەڵگا دان. تەنانەت لە کۆمەڵگا کراوەکانیشدا، دیسان وەك لایەنی خوازیاری چاکسازیی زیاتر و ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی فراوانتر دەناسرێن و لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکانیشدا، هەروەك چین، نرخی بەستراوبوونی فەزای سیاسیی کۆمەڵگا دەدەن و مەجبور دەبن لە بەرانبەر دەسەڵاتدا بوەستن، تووشی کێشەی سیاسی دەبن و لە زۆربەی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش دەکرێن، زیندانی دەبن و ئەشکەنجە دەدرێن. لە هەموو بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا، مامۆستایانیش نرخی خەباتی خوێندکاران دەدەن و زۆرجار بە هاندەری توندوتیژی تۆمەتبار دەکرێن. لەسەر کێشە فکرییەکانیش، ئەگەر بیرۆکەیەکی نوێ لە نێو کۆمەڵگادا سەرهەڵ بدا، ئەو دوو چینە لە ریزی یەکەمی پێشوازیکەرانی ئەو بیرۆکەیەدا دەبن. مامۆستایان بیرۆکە نوێیەکان شی دەکەنەوە و خوێندکارانیش یارمەتییان دەدەن و لە نێو کۆمەڵگاش‌دا بڵاوی دەکەنەوە و بەرەوی پێدەدەن. رووناکبیران و خوێندەوارانی دەرەوەی قوتابخانە و زانکۆش، پێوەندیی بەردەوامیان دەگەڵ ئەو دوو چینە هەیە و لە ڕێگای کۆنسێرواتیو بوونی مامۆستایانی (بە بەراورد دەگەڵ خوێندکاراندا کە ئەویش دەرەنجامی سروشتیی تەمەن و ئەزموونی زیاترە) کەم دەکاتەوە و ناهێڵێ چینی مامۆستا بەرەو راحەتتەڵەبی و خۆپارێزیی چینی دەوڵەمەند بخزێ.

دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە هێندێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بە مەبەستی لێك جیا کردنەوەی ئەو دوو چینە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای توند و وشکیان لە پێوەندیی نێوانیاندا پێناسە کردوە کە دەیانهەوێ سیستمێکی باوك سالاری یا سیستمێکی نیزامی و هێرەمێکی دەسەڵاتی لە نێوان خوێندکار و مامۆستادا بخولقێنن تا لە ئاکامدا ئەو دوو چینە بخەنە نێو دوو بەرەی لێك جیاواز. بەڵام ئەوان ئاگادار نین کە کولتوورێکی زانکۆیی هەیە کە بۆخۆی پێوەندییەکی نەرم و مەعنەویی لە نێوان ئەو دوو چینەدا پێناسە کردوە کە هەم ڕێز و حورمەتی هەر دوو لایەن دەپارێزێ و هەم لە نێو یەك بەرەدا پێناسەیان دەکا. خوێندکاران و مامۆستایان دەگەڵ ئەو کولتوورە تەواو ئاشنان لە مەبەستی یاساکانی دەسەڵاتدارانیش جوان شارەزان. ئەو هەوڵە بێ ئاکامە بەڵام هەوڵێکیتر سەرکەوتوو دەبێ کە بە فۆرمێکی تایبەت و میکانیزم و ڕێکخستنێکی مۆدێرن پێوەندییەکانیان ئەمڕۆییتر و پڕ دەسکەوتتر بکا، توانایییەکانیان زیاتر لەسەر یەك کۆبکاتەوە، ئامرازێك بێ بۆ کەم کردنەوەی نرخی خەباتەکەیان و خەستترکردنەوەی دەور و ڕۆڵیان کە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان دا. ئەو میکانیزمە دەتوانێ ڕێکخراوێکی خوێندکاری ـ مامۆستایی بێت کە تاکوو ئێستا لە گۆڕەپانی کردەیی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا بوونی نەبووە و پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕێکی نوێ لە هاوخەباتیی خوێندکاران و مامۆستایان.

لە هەموو بزووتنەوە خوێندکارییەکان‌دا، مامۆستایانیش نرخی خەباتی خوێندکاران دەدەن و زۆرجار بە هاندەری توندوتیژی تۆمەتبار دەکرێن

دیکتاتۆر ـ دیکتاتۆری

ڕەسوول سوڵتانی

دیکتاتۆری وەکوو سیستمێکی دەسەڵاتداریتی دیاردەیەکی ئەمڕۆیی نیە. خۆ ئەگەرچی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکتاتۆری واتە ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێکهێنەری کەسایەتیی دیکتاتۆرن و لە لایەکیشەوە پێکهاتە و پرۆگرام و ئیدئۆلۆژی دیکتاتۆرییان لەسەر دادمەزرێ وەك: پاوانخوازی، ترس وەبەرنان و تۆقاندن و تیرۆر و چەوساندنەوەی جەستەیی و فیکری و... بەشێکی دانەبڕاون لە کۆنترین تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لە ڕاستیدا لە سەردەمی ڕۆمی کەون پلەیەك بوو کە دەسەڵاتی تەواوی حکوومەت و سوپای بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵبەت لە کاتی قەیران و پشێوی‌دا، بە تاکە کەسێك دەسپارد. بە ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی دەسەڵاتداریتیی مرۆڤ هەتا ئێستا هیچ مرۆڤێك بۆ [بە دیکتاتۆر بوون] پێویستیی بە پەروەردەکردن و ڕاهێنان و قوتابخانە نەبوە، بەڵام چەمکی مرۆیی و دژە دیوی دیکتاتۆری واتە دێمۆکراسی، هەتا ئێستاش کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر وەك وانە دەگوترێتەوە و لە لایەن بیرمەندە مرۆڤدۆستەکانەوە تیۆریزە کراوە پێویستی بە جێگیر (نهادینە) کردن و پەرەپێدان هەیە. بەواتایەکی دیکە بۆ ئەوەی تاکێکی کۆمەڵگا ببێتە دیکتاتۆر هەر ئەوەندە بەسە دەستی بگاتە دەسەڵات و بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی سەرکوت و زەبروزەنگ سنوورەکانی یاسا و پرەنسیپە دێمۆکراتیك و مرۆییەکان پێشێل بکا. بەڵام زۆری پێدەچێ بۆ ئەوەی دێمۆکراسی بکرێ بە کولتوورێکی گشتگیر و تاکێکی کۆمەڵگا بەتایبەت کۆمەڵگا نەریتییەکان ببێتە کەسێکی دێمۆکرات.

دیارە ئەگەر ئەم تاکە لە ئاستی دەسەڵات دابێ ئەم ڕێگەیە تەنانەت لە ژێر پەروەردە و ڕاهێنانیشدا ڕێگەیەکی ئەستەم و بڕست بڕە. لە بەر ئەوەیکە کەسی دیکتاتۆر نەك لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی‌دا، بەڵکوو پاش لێکەوتنیش ناچێتە ژێر کاریگەریی هیچ گوتارێکی دێمۆکراتیك و بە هیچ شێوەیەك ئاڵوگۆڕ لە بنەما چەقبەستوە فیکرییەکەی‌دا پێك نایە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو لە چەمکەکانی دیکتاتۆری و دێمۆکراسی کە لەوەها حاڵەتێك‌دا نەك خۆی بە دیکتاتۆر نازانێ بەڵکوو وێڕای ئەوەی خۆی پێ لە هەموو کەس دێمۆکراتترە، ئەو کەسانەی ئەویان پێ دیکتاتۆرە بە توندترین شێوە سزادەدرێن. سەدام حوسێن نموونەی بەرچاوی ئەم دیکتاتۆرە خۆ بە دێمۆکرات زانانەیە کە تەنانەت لە نێو قەفەزی دادگاشدا حازر نەبوو دان بە دیکتاتۆر بوونی خۆی دابنێ.

ئەو تاوانو کردەوە دژە مرۆییانەی کە لەم چەشنە سیستمانەدا دێنە ئاراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە بیانووی پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاك و هەبوونی دوژمنێکی قەستەسەر و هەروەها لەژێر ساباتی درۆیینی مزگێنیی بەختەوەرکردنی خەڵك‌دا، پاکانەیان بۆ دەکرێ و پاساو دەدرێن. سەرجەمی ئەم بیانوویانە هاوڕێ لەگەڵ مزگێنیی هێنانی تەناهی و هێمنی و بەختەوەری بە دیاری بۆ خەڵك ئەو هەلە دەڕەخسێنن بۆ دەسەڵات کە بخرێتە نێو تەواوی ڕەهەندە گشتی و تایبەتییەکانی ژیانی خەڵکەوە و هەر هەموویان بخاتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆی.

تاك لە وەها سیستمێك‌دا

تاك وەکوو پاژ یا ئەندامێکی جەستەی کۆمەڵگا ئەوەندەی دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنیی لەبەرە و پێشەوەبردن و گەشەی کۆمەڵگادا هەبێ سەد ئەوەندەش لەوانەیە دەورێکی نەرێنی و تێکدەرانە یا لانیکەم پاسیڤی لەم بارەیەوە هەبێ. هەر کەسەی بەو ڕادەیە کە وەکوو تاکێك خۆی پەروەردە دەکا و خۆ پێدەگەیەنێ بەو ڕادەیەش بەلای خۆیەوە دەبێتە تاکێکی پڕبایەخ و هیوا بەخۆ، کە ئاکامی ئەم پەروەردە و خۆپێگەیاندنە دەبێتە خەرمانێکی بە پیت بۆ ئەوانی دیکە. بەو پێیە گەشە و بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵگا بەستراوەییەکی چڕوپڕی بە ئازادیی تاك و ئەو ڕێز و حورمەتەوە هەیە کە لە کەسایەتی و تواناکانی دەگیرێ. بۆ باشتر دەرخستنی چونیەتی هەڵسوکەوتی سیستمی دیکتاتۆری دەگەڵ تاك پێویستە کورتە ئاماژەیەك بە روانینی لیبرالی بۆ تاك و کۆمەڵگا بکەین. بنەمای سەرەکیی لیبرالیزم ڕێزگرتنە لە بەهای ئەخلاقی و کەرامەتی جەوهەریی کەسایەتیی مرۆڤ . "بە پێی ئەم بنەمایە هەر تاکێك لەم سیستەمەدا خۆی دەبێتە ئامانج و ئارمانجێك لە خۆی‌دا (فی النفسە) نەك ئەوەی ئامرازێك بێ بۆ وەدیهێنان و دابین کردنی بەرژەوەندی و ویستی ئەوانی‌تر"(١) کەچی ئەم واقیعیەتە لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان دا ڕاست پێچەوانە دەبێتەوە. تاك لەو سیستمەدا نەك خاوەنی کەسایەتیی خۆی نیە، بەڵکوو ئەو زمانەی لێ قەدەغە دەکرێ کە دەبێ گوزارشی پێ لەخۆی بکا. زمانی تاك ئەو زمانە روون و واقیعیە نیە کە لە کاتی ئاسایی و لە سیستمێکی ئازاد و دێمۆکراتیك‌دا پێی دەدوێ، بەڵکوو زمانێکی چوارچێوەدارە کە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و داپۆشین و پاکانەی کەموکوڕییەکانی دەسەڵات دایە. ئەم زمانە ئەوەندەی لایەنە دزێو و ناشیرنەکانی دەسەڵات دادەپۆشێ و ئەوەندەی پاساو بۆ تاوان و هەڵسوکەوتە چەوتەکانی دیکتاتۆر دێنێتەوە یەك لە سەدی ئەوە لە خزمەت خۆی و واقیعی دەروونیی خۆی‌دا نیە. ئەو، ئەو کاتەی باس لە خۆی دەکا، لە ڕاستی‌دا نەك لە خۆی بەڵکوو لە تایبەتمەندییەکانی تاکی دیکتاتۆر دەدوێ. هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییە، تایبەتمەندیی ئەو بەشە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەگێڕێتە خۆی کە بە پێی وانە و فێرکارییە ئایدیۆلۆژییەکانی سیستەمی دیکتاتۆری پەروەدە کراون یا ئەوەیکە لە پێناو هێندێ وردە بەرژەوەندی‌دا بەرپوای بە دیکتاتۆر هێناوە و سەربەستی و ئازادیی خۆی لە ئاوێنەی کۆیلەیی خۆی‌دا دەبینێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پرۆگرام و میکانیزمە کە ئەم شێوازە لە دەسەڵات بۆ گەرەنتی کردنی داهاتوو دەیگرێتە پێش ئەویش ئەوەیکە: دیکتاتۆر بە وێرانکردنی هەموو بنەما فیکرییەکانی رابردووی تاك دەیهەوێ ئێستایەکی لەسەر بنچینەی وەهمێکی یۆتۆپیایی کە تێیدا بە هەشتێکی لە داهاتوودا بۆ وێنا دەکا، نەك داهاتووی تاك بەڵکوو داهاتووی دەسەڵاتی خۆی گەرەنتی بکا ئەویش بە مەرجی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شێوازە فکرێکی چوارچێوەدار لە تاکەکانی کۆمەڵگادا.

ئازادیی بیروڕادەربڕین

"ئازادیی بیروڕا دەربڕین و هەبوونی ئازادی بۆ گەیشتن بە هەر چەشنە ئامانجێکی دڵخواز یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی لیبرالیزم. ئازادیی دەربڕینی بیروڕا سەرەکیترین و گرنگترین ئازادییە و لە سیستمە دێمۆکراتەکان دا دەربڕینی بیروڕا تەنانەت ئەگەر هەڵەش بێ: ئازاد و ڕەوایە" بەپێی ئەوەی کە دیکتاتۆری دژە دیوی دێمۆکراسییە و فەلسەفەی بوونی ئەم شێوازە لە دەسەڵات لە سەر نەهێشتن و لە نێوبردنی کولتوور و پرەنسیپەکانی دێمۆکراسی دامەزراوە، ئیدی کاتێك باس لەو دەسەڵاتدارێتییە دەکرێ، جیهانێك دێتە ئاراوە کە تاك و ئازادییەکانی، بە تەواوی ڕەهەندگەلی ژیانیەوە تەنیا لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی و ویست و بیری دیکتاتۆردا مافی ژیان و مانەوەیان دەبێ. لێرەدا بە پێچەوانەی سیستمە لیبرالەکان کە ئازادیی هەبوونی ئەنجومەن و ڕێکخراوگەلی جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی و داکۆکی کردن لە

ئازادیی بیروڕا دەربڕین و هەبوونی ئازادی بۆ گەیشتن بە هەر چەشنە ئامانجێکی دڵخواز یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی لیبرالیزم

←

را پۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤ
لە سەر خرا پتر بوونی دۆخی ئازادییەکان لە ئێران دا

(بەشی یەکەم)

لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ بە تایبەتی لە بەرچاو گرتنی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و گرتن و پێکهێنانی کۆروکۆبوونەوەکان لە ئێران دا بەرەو خراپتر بوون چووە. رێژیم بەشێوەی گشتی و بەردەوام بەرهەڵەستکاران و دژبەرانی سیاسیی دەست بەسەر کراوی خستۆتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەو، بۆ وێنە راگرتنیان بۆ ماوەیەکی زۆر و دووردرێژ لە ژووری تاکە کەسی (انفرادی)دا. هێزی دادوەری (قوە قضائیە) کە تەنیا خۆی لە بەرامبەر عەلی خامەنەیی دا بە وڵامدەر دەزانێ، بەرپرسی سەرەکیی زۆربەی ئەم پێشێلکارییانەی بواری مافی مرۆڤە لە ئێران دا. هێزە ئەمنییەتییەکانی پێشوو لە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا دەسەڵاتدارن. زۆربەیان قسەی ئەوەیان لە سەرە کە لە بەشداریکرن لە کردەوەی دژ بە مافی مرۆڤ وەکوو تیرۆری روونـاکبیرانی دژ بە دەسەڵات دا بەشدارییان بووە. لە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا وەزارەتی ئیتلاعات کە لە راستی دا بەرپرسی کاروباری ئەمنییەتیە، تا رادەیەکی زۆر پەرەی داوە بە کۆنترۆڵ و لە ژێر چاوەدێریی گرتنی بەرهەڵستکارانی سیاسی، چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەوانان.

ئازادیی بیروراەدەربڕین

بەرپرسانی رێژیمی ئێران لە رێگەی داخستنی رۆژنامەکان و بەندکردنی رۆژنامەوانان و مودیر مەسئولی بڵاڤۆکەکانەوە، بە شێوەیەکی بنەمایی و سیستماتیك،

ئازادیی بیروراەدەربڕین سەرکوت و بەرتەسك دەکاتەوە. ئەو ژمارە کەمەی رۆژنامە سەربەخۆکانیش کە ماون و دانەخراون تا ئەو جێیە دەتوانن خۆیان سانسۆر دەکەن (دەستیان بە کلاویانەوە گرتوە با نەیبا). زۆربەی زۆری نووسەران و رۆشنبیران وڵاتیان بەجێ هێشتوە، ژمارەیەکیان لە بەندیخانە دان و ژمارەیەکیش دەستیان لە ناڕەزایەتیی و رەخنەگرتن هەڵگرتووە و بێدەنگ بوون.

وەزارەتی "فرهنگ و ارشاد" لە مانگی سێپتامبری ٢٠٠٦دا، رۆژنامەی رێفۆرمخوازی شەرق و هەروەها دوو بڵاڤۆکی " نامە و حافظ"ی داخست و پێشی بە دەرچوونی رۆژنامەی تازە دەرچووی" رۆژگار" گرت کە تەنیا سێ رۆژ لە تەمەنی تێدەپەڕی. وەزارەتی ئیتلاعات هەر لە ساڵ دا ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەڤانانی رەخنەگر لە دەسەڵاتی بانگ کرد و لێپێچینەوەی لێکردن. دەسەڵاتدارانی رێژیم هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦دا گوشاریان خستە سەر وێب سایت و رۆژنامەڤانانی ئینتێرنێتی و تەنگەژە و گرفتیان بۆ هێنانە پێش. بۆ ئەوەی نەهێڵن زانیاری و هەواڵەکان بە ئازادی لە ئێران بڵاوبکەنەوە یا وەرگرن.

رێژیم بە شێوەیەکی سیستماتیك و گەلاڵە دارێژراو ئەو ماڵپەڕە ئینتێرنێتیانەی هەواڵ و لێکدانەوە سیاسییەکان لە خۆ دەگرن، فیلتێر دەکا. ئیسماعیلی رادەکانی بەڕێوەبەری شیرکەتی‌تیکنۆلۆژیی زانیاری کە لە ژێر چاوەدێریی حکوومەت دایە لە سێپتامبری ٢٠٠٦دا رایگەیاند: بە پێی بڕیاری لێپرسراوانی قەزایی ئەم کۆمپانیایە، رێگەی دەستڕاگەیشتن بە دە میلیۆن سایتی ئینتێرنیتی نایاسایی بەستوە.

ئازادیی کۆرو کۆبوونەوەکان

دەوڵەتی مەحمودی ئەحمەدی نژاد بە دوای گۆڕانێکی هەست پێکراو و بەرچاودا، لە چاو سیاسەتی محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری پێشووی ئێران، سەلماندوویەتی کە تەحەمولی ناڕەزایەتی دەربڕین و کۆرو کۆبوونەوەی مەدەنی و هێمنانەی نیە. لە ژانویەی ٢٠٠٦دا مەئموورەکانی ئەمنییەتیی رێژیم هێرشیان کردە سەر شۆفیری ئوتوبوسەکانی شیرکەتی واحیدو سەدان کەسیان لێ دەستبەسەر کردن.

رێژیم مل بۆ بە رەسمییەت ناسینی سەندیکای سەربەخۆی شۆفیرانی ئەم شیرکەتە راناکێشێ. مەئموورەکانی رێژیم لە مانگی فێوریەدا هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی دەروێشەکانی گونابادی شاری قوم کە لە پێش حوسێنیەکەی خۆیان کۆببوونەوە بۆ ئەوەی نەیەڵن رێژیم کاولی بکات، بەڵام بە گازی فرمێسك هێنەر و ئاوپرژاندن بە سەریان دا بڵاوەیان پێکردن. هێزە ئینتیزامییەکان و مەئموورە لیباس شەخسییەکان لە مانگی مارس دا هەڵیان کوتایە سەر کۆبوونەوەیەکی ئاشتیخوازانە و مەدەنیانە کە بە مەبەستی رێزلێنان لە رۆژی ژن لە تاران پێکهاتبوو. لەم هێرشەدا نێردراوانی رێژیم ژنان و پیاوانی بەشداربووی ئەم کۆبوونەوەیەیان دایە بەر باتۆم و تێڵاك. کاتێك داکۆکیکارانی مافی ژنان دیسان لە تاران کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا، کەوتنە بەر باتۆم و تێڵای هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی رێژیم و گازی بیباریان بە سەر و چاویان هەڵپرژاندن و خۆپێشاندەرانیان بە ئیسپری رەنگ نیشانە کرد و لە ئاکام دا حەفتا کەسیان دەست بە سەر کردن و راپێچی بەندیخانەیان کردن.

ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپ دەگەڵ گیراوان لە سەردەمی دەست بەسەری دا

لەو کاتەوە کە مەحموود ئەحمەدی نژاد بوو بە سەرکۆماری ئێران، جگە لەو گرتووخانانەی کە لە لایەن دەزگای قەزایی، سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بە نهێنی بەڕێوەدەچن، لە بەندیخانەی ئەوینیش دا هەڵسوکەوت دەگەڵ گیراوان و بەندییەکان زۆر لە جاران خراپتر بووە. لێپرسراوانی رێژیم کەسانێکیان لەبەر هێنانە گۆڕێی روانگە سیاسیەکانیان ئەویش بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، خستۆتە ژێر ئەشکەنجە و لێدان و ئیعدامی (دەستکرد) و بێ حورمەتیان پێکردوون و لە بەخەبەری دا رایانگرتوون. قازییەکان زیاتر ئەو ددان پێدا هێنانەیان بەلاوە پەسەندە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا کراون. بەرپرسانی رێژیم کەڵك لەو ژوورە تاکە کەسیانە وەردەگرن کە زۆر تەنگ و تاریکن و لەوێدا تاوانبارکراوان ناچار دەکەن بە شێوەیەکی ناواقیعی خۆیان بە تاوانبار لە قەڵەم بدەن و هاوکات زۆربەیان فیلمیان لێ هەڵدەگیرێتەوە. ئەکبەر محەممەدی و وەلیوڵڵا فەیزی مەهدەوی دوو کەسن لە بەندکراوان کە لەبەر بیروباوەڕی سیاسییان گیرابوون، لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە بارودۆخێکی گومانـاوی دا لە بەندیخانە مردن. لێپرسراوانی رێژیم نەیان هێشت بنەماڵەکانیان تەرمەکانیان نەشتەگەریی دەروونیان لەسەر بکرێ. رێژیمیش هیچ هەوڵێکی نەدا لە پێناو روون کردنەوەی هۆکاری مردنەکانیان دا.

پارێزراوی و دەربازبوون لە سزادەران

هیچ مکانیزمێك بۆ خستنە ژێر چاوەدێریو لێپرسینەوە لەو بەرپرسانە لە گۆرێ دا نیە کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. داخرانی رۆژنامە سەربەخۆکانیش لە ئێران دا هۆکارێکە بۆ دەربازبوون و پارێزراوبوونیان لە سزادان.

لە ساڵانی رابردودا: چەندین کەس لە بەندییەکان، لە سکاڵا بەو هەڵسووکەوتە دژی مرۆییانەیەی کە بە خراپترین شێوە لە لایەن دادستانی گشتیی تاران سەعید مورتەزەویو داوودەستەکەیەوە دەگەڵیان کراوە، گەلێکیان شت دەربڕیوە. سەرەڕای ئەوەی کە گەلێك کەس شایەتییان داوە، بەڵام مورتەزەوی بەرپرسایەتیی هیچکام لەو دەست بەسەر کردنە نایاسایی و ئەشکەنجە کردن و بە زۆر ددان پێدانانانە وەئەستۆ ناگرێ. مەسەلەی مەرگی زارا کازمی، وێنەگر و هەواڵنێری کانادایی بە رەچەڵەك ئێرانی لە مانگی ژوئەنی ٢٠٠٣دا کە لە لایەن دەزگای دادوەرییەوە گیرابوو و بە دەستی هێزە ئەمنییەتیەکانی ژێر چاوەدێریی و فەرمانی سەعید مورتەزەوی گیانی لێستێندرا و ئێستاش هەر دیزەبەدەرخۆنە و بێ دەنگەی لێکراوە.مستەفا پوور محەممەدی وەزیری ناوخۆی ئێستای ئێران لە کوشتاری بە کۆمەڵی هەزاران زیندانیی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشداری بووە.

درێژەی هەیە

درێژەی لاپەڕی ٨

دیکتاتۆر ـ دیکتاتۆری

ویست و روانگەکانی تاك لە نێو ئەوان دا بنەمایەکی سەرەکییە، نەك هیچ ناوەند و رێکخراوێکی سەربەخۆ لە گۆڕێ دا نیە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی تاك و تریبونی دەنگی تاکەکان بەڵکوو بوونی ئەوانە شتێکی بڤەن. هەڵبەت زۆرجاران دەبینین بە شێوەیەکی رواڵەتیانە رۆژنامە و ناوەندگەلێکی جۆراوجۆر دێنە ئارا، بەڵام کاتێك لە جەوهەر و ماهیەتی ئەو شتانە ورد دەبینەوە دەردەکەوێ کە دامەزراندنی ئەو جۆرە ناوەندانە بە مەبەستی بەخشینی سیمایەکی دێمۆکراتیك بە دەسەڵات تەنیا کردەیەکی سادەخەڵەتێنانەیە و کەسی ژیری پێناخڵەتێ. لەبەر ئەوەیکە، ئەم ناوەندگەلە تەنیا و تەنیا بە مەبەستی هەبوونی تریبونێك بۆ چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵات و پروپاگەندە و پاساودانی هەڵەکانی دەسەڵات و رازاندنەوەی روخساری ئاکارەکانی دەسەڵات خراونەتەگەڕ. لە کۆماری ئیسلامیدا تائێستا بە سەدان بڵاڤۆك دامەزراون و دوای ماوەیەك بە بڕوبیانووی جۆراوجۆر وێڕای داخستنیان سزاشیان بەسەر بەڕێوەبەران و قەڵەمبەدەستانیان دا دەسپاندون. لەبەرئەوەیکە نیەت و نیازی دەسەڵاتیان نەهێنانەوەتە دی و زۆرجاران بە جێگەی پاکانە بۆ دەسەڵات رەخنەیەکی (هەر چەند بچووکیش)یان رووبەڕووی دەسەڵات کردۆتەوە.

ئەم دەسەڵاتانە دەسەڵاتێکی رەخنەکوژن و وەك وترا نەك هیچ رێزێك بۆ بیروباوەڕی تاك دانانێن بەڵکوو تا ئەوکاتە مافی ژیان بۆ تاکەکان قایلن کە وەکوو کۆیەکی تاك دەنگ (ئەویش دەنگێك کە هیچ جیاوازییەکی دەگەڵ دەنگی دەسەڵات نەبێ) لە خزمەتی ئامانج و سیاسەتەکانیان‌دا بن و نەتەنیا رەخنەی لێنەگرن بەڵکوو هەڵە و پەڵەکانیشی بە موعجیزە و حیکمەتێکی مەزن و بێوێنە لەقەڵەم بدەن.

سیستمەکانی دەسەڵاتداریتی و بەڕێوەبەری هەر ئەندازە پێشکەوتوو بن و پشتگەرم بن بە مێتۆدە نوێ و دێمۆکراتیکەکان، هێشتا ناتوانن شتێکی ئایدیال و بێکەموکووڕی بن. لە حاڵێك‌دا دیکتاتۆرەکان نەك هیچ کەموکورتییەك لە کاروبار و شێوازی رەفتاری خۆیان دا نابینن بەڵکوو درندانەترین سزا بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکەن کە باس لەم کەموکووڕییانە دەکەن.

بە پێی ئەوەیکە هیچ دەسەڵات و سیستمێك بە بێ رەخنە لەخۆگرتن و بوخۆداچوونەوە ناتوانێ وەك ئۆرگانیزمێکی زیندوو بەرەوپێش بکشێ و دەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم خۆ بگونجێنی بەمجۆرە ژیان بە هەموو رەهەندەکانییەوە وێڕای داموەدزگا جۆراوجۆرەکان بە جێی بەرەوپێشچوون، تووشی قەیران و داکشان و گەڕانەوە دێ.

لە وەها دۆخێك‌دا تریبوونەکانی دەسەڵات لە پاساوی دواکەوتوویی و بۆ پاکانەی هەڵسوکەوتەکانیان هەموو تاوان و هۆکارەکانی ئەم زەرەر و زیان و دواکەوتنانە دەخەنە ئەستۆی هێزی دەرەکی و بەرهەڵستکارانی نێوخۆیی و دوژمنە گریمانەییەکان.

لکاندنی مۆرکی سیخوری بە جودابیران و رەخنەگرانەوە و راوەدونان و گرتنیان بەهۆی ئەو دەزگا نهێنییەی کە رێژیم بۆ کۆنترۆڵی ژیانی خەڵك پێکی هێناوە و سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی شەخسیی خەڵك دادەکا، لایەنێکی دیکەی هەڵسوکەوتی رێژیمە دیکتاتۆرەکانە. روانینی ئەم رێژیمانە روانینێکی دابەشکراون بە سەر دووبەرەدا، ئەمانە جیا لە دوو لایەنو دیوی ژیان، جیا لە دوو روخساری ژیان هیچی دیکە نابینن. ئەوەی دەیبینن دوو رەنگە و تەواو. رەش یا سپی. هەر بۆیەش خەڵك دوو دەستەن: "خۆمانە ـ بێگانە"ـ "دۆست ـ دوژمن" ـ "مەحرەم ـ نامەحرەم" و خودی و غەیرەخودی. دواجار ئەو دەنگانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی ویست و سیاسەت و داخوازییەکانی دەسەڵات: لە لایەن ئەم سیستمەوە مۆرکی دوژمن، خیانەتکار و سیخوریان لێدەدرێ و ئەوەش یەکەم هەنگاو و سەرەکیترین رێگایە بۆ مەیدان پێچۆڵکردن و سڕینەوەی فیزیکی و لەنێوبردنی دەنگە جیاوازەکان. وەك دەبینین تەمەن درێژترین رۆژنامەکانی نێو ئەم سیستمانە، ئەم بڵاڤۆك و رۆژنامانەن، کە بە جێی رەخنەگرتن لە لایەنە لاوازەکانی کاروباری دەسەڵات و حکوومەت، بوونەتە زمانی چەوسێنەر و تۆقێنەری دەسەڵات و لەم دابەشکردنەی جیهانی روانینی ئەوان‌دا نەك دەلاقەیەکی سێهەمییان نەخستۆتە سەر پشت، بەڵکوو لە دوو توێی دەیان وتاری چەواشەکارانەدا سیمای درێوی ئەوان دەنەخشێنێ ئەم قەڵەمانە جێگە و پێگەیان لە لای سەرووی کۆڕی ئازادیکۆژی دیکتاتۆرانە و قەڵەمە رەخنەگر و ئازاکان و دەنگە جیاوازەکانیش بەندیخانە و تاراوگە و مەرگ بەشیانە.

دابەشکردنی پلە و بەرپرسیارەتی

پلە و بەرپرسیارەتی بۆ کاروباری بەڕێوەبەری و یاسادانەری و ... کە لە راستی‌دا دەبێ بە پێی پسپۆڕی و لێوەشاوەیی بە بێ لەبەرچاوگرتنی گرۆیی و بیروڕای جیاواز و مەزهەب و... بێ بۆ ئەوەی کاروبارەکان لە هەموو ئاستەکان دا بە باشترین شێوە بچنە پێشێ، بەڵام لە وەها دەسەڵات و رێژیم گەلێك‌دا پلە و بەرپرسیارێتی و کارەکان نەك لەسەر بنەمای پسپۆڕی و لێوەشاوەیی دابەش ناکرێن بەڵکوو بە پێی ئەم متمانەیە دابەش دەکرێن کە دەسەڵات بە ملکەچی و گوێڕایەڵیی کەسەکان هەیەتی.

هەڵسەنگاندنی پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبە کوردستانییەکان لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە

ن. سامان فەقێنەبی
و. لە فارسییەوە: هەژیر

دیمۆکرات، کۆمەڵە، پژاك

تـــەکووزیی سیاســـیی هـــەر کۆمەڵگایەك، تەکووزییەکی سەربەخۆ نیە و لە حاڵەتی تاك و تەرادا بەسەر نابـــا، بـــەڵکوو پێوەنـــدی بـــە دیاردەکـــانیتری کۆمەڵـــەوە هەیـــە. ناسینی بنیاتی زەینیی کۆمەڵ و ئەو وێنایەی کە تاکەکانی کۆمەڵ لە حیزبە سیاسییەکان و ئیددیعاکانیان هەیانە، ئـــەو چـــەمکانەن کـــە لـــە بـــاری دیاردەناســـانەوە لەســـەر بڕیـــاردان و ئاراســـتەی چـــالاکییەکانی حیزبـــەکان شـــوێن دادەنـــێن. لـــەم وتـــارەدا هـــەوڵ دەدرێ کـــە پێکهاتـــەی کۆمەڵایـــەتیی نەتـــەوەی کـــورد و زەینییـــەتی زاڵ بەسەر ئەوان دا بەمەبەستی پـەیبردن بـــە پێگـــەی کۆمەڵایـــەتیی حیزبـــە هەنووکەیـــەکانی کوردســـتانی ئێـــران تاوتوێ و شرۆڤە بکرێ و بەمجۆرە بە لێکدانەوەیـــەکی دەروونناســـانەی دادپەروەرانـــە لـــە پێوەنـــدی دەگـــەڵ ڕەوتە ئاکتیڤەکان لە پانتایی خـەبات و چـــالاکی لـــە کوردســـتانی ئێـــران بخرێتەڕوو.

١. حیزبی دیمۆکرات:

حیزبـی دیمـۆکرات وەك یەکـەمین بزاڤی سیاسیی ئاشکرا و ڕێکخراو لـە کوردســـتانی ئێـــران، کاریگـــەری و ڕەنگدانەوەی بابەتی(عینی) و فیکریی بـــەربڵاوی لـــە چوارچـــێوەی ئـــاخێوی ناسیۆنالیستانەی نەتـەوەی کـورد لـە کوردســـتانی ئێـــران دانـــاوە. حیزبـــی دیمـــۆکراتی کوردســـتانی ئێـــران لـــە ڕاستای سیاسی کردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕاگواستنی لـە ڕەهەندە قـەومی ــ کولتوورییەکانـەوە بۆ ڕەهەندە نەتەوەیی ـ سیاسییەکان کاریگەرییەکی شیاوی داناوە و گەرچی لـە بڕگەگـەلێکی تایبـەت لـە مێـژووی هاوچەرخ، ڕەنگ و ڕووی سوسیالیستی لە ناخی دا تۆخ بۆتەوە، بەڵام هیچکات ئەم بابەتە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئـەم حیزبـــە بچـــێتە دەرەوەی بازنـــەی خـــەباتی نەتـــەوەیی و ئـــەم چەشـــنە خەباتە لەبیر خۆی بباتەوە.

لـە کارنامـەی چـالاکی و خـەباتی ئەم حیزبەدا میتـۆدە جۆراوجۆرەکـانی وەك خەباتی چەکدارانە، پڕوپاگەنـدەی سیاســـی، چـــالاکیی ڕێکخراوەیـــی (تشـکیلاتی) بـە شـێوەی ئاشـکرا یـان نهێنـی بەرچـاو دەکـەون. ئـەم حیزبـە گەرچـــی خـــاوەنی ڕابردوویـــەکی پڕشـــانازییە، بـــەڵام لـــەم ســـاڵانەی دوایـــیدا، داوێســـتاو (رکـــود)ی و بێدەنگییەکی تا ڕادەیەك بەرچاو باڵی بەســەر پانتـــایی چـــالاکییەکانی ئـــەم حیزبـەدا کێشـاوە و جۆرێـك تـەریکیی پشت ئەستوور بە ڕوانگەی چاوەڕوانی (رویکرد انتظار) بـە جەسـتەیەوە دیـار بووە.

ئەگـــەر لـــە ڕەهەنـــدی دەروونناســـیی کۆمەڵایەتییـــەوە، لـــە کەشـــی فیکریـــی زاڵ بەســـەر توێـــژە جۆراوجۆرەکـــانی خـــەڵکی کوردســـتان بکۆڵینـــەوە، بـــەم تێگەیشـــتنە دەگـــەین کە لـە هەلومـەرجی ئێسـتا دا، دەکـرێ زەینییەتی خەڵکی کورد سـەبارەت بـە حیزبی دیمۆکرات لـە چوارچـێوەی ئـەم سێ ڕوانگەیەدا شیبکەینەوە:

ـــ ڕوانگـــەی یەکـــەم، کـــەس و گرووپە ناسراوەکانی وەك ڕووناکبیران، خـــاوەن خامـــەکان، ڕۆژنامەنووســـان و بژاردەزانســـتییەکان لـــەخۆدەگرێ کـــە دەکـــرێ دیـــد و بۆچـــوونەکانی ئـــەم لایەنانـــە لەپێوەنـــدی لەگـــەڵ حیزبـــی دیمۆکرات بەم شێوەیە پێرست بەندی بکرێن:

قەتیس مانەوەی حیزبی دیمۆکرات لە بازنەی بیرکردنـەوەی نەریتخوازانـە، لەباوکـــەوتوو و پیاوســـالارانەکان دا، گەورەبوونەوەی درز و کەلێنی زەینی و بابـەتی لـەنێوان بـژاردەکان و حیزبـی دیمـۆکرات دا، نـەبوونی تێگەیشـتنی ڕاســـت بینانـــە لـــە هەلومـــەرجی هەنووکەیی کوردستان لە لایـەن حیزب و جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی حیزب بـەپێی پێوەرەکـانی دەیـەی شەسـتی هـــەتاوی، مەوداتێکـــەوتنی فیکـــری و فیزیکـی لـە نێـوان کۆمـەڵ و نـەبوونی هاوئاهـــەنگی لـــە نێـــوان ئـــەوان دا، قووچـــەکی بەساڵاچـــوویی ئەنـــدامانی حیـزب و بەرتەسـك مانـەوەی بازنـەی بڕشت و شوێن دانانی حیـزب تـەنیا لـە ناوچـــەکانی ناوەنـــدی کوردســـتانی ئێران و....

ـــ ڕوانگـــەی دووهـــەم، بەشـــێکی بەربڵاو لە خەڵکی ئاسایی شار و دێ و دڵســـۆزانی حیزبـــی دیمـــۆکرات لـــەخۆدەگرێ. دەبـــێ ئـــەوەش پشـــت ڕاست بکەینەوە کە ئەم ڕوانگەیە زیـاتر لـە ناوچـەکانی ناوەنـدی کوردسـتانی ئێران بڕەوی هەیە. خەڵکی ئاسایی ئەم بەشـــە لـــە کوردســـتان بـــە هـــۆی جۆراوجـۆری وەك پێشـینەی خـەباتی مێـژوویی حیـزب، بـوونی ڕێبـەرانی کارێزمای وەك قازی محەممەد، دوکتـور قـاسملوو و دوکتـور شـەڕەفکەندی لـە هێڵـی پێشـەوەی حیـزب و هـەروەها جێگیربوونی ئەو بەها و بایەخانـەی کە بـــــــ

ژن لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاواوە

نووسینی: سۆزان مولێر ئاکین
و. لە فارسییەوە:
حەلیمە ڕەسووڵی

بێبەشیی گشتیی مرۆڤ لە ماف و پێداویستیەکانی بە هیچ شێوەیەك نەبەستراوەتەوە بە رابردوو. هەر وەك کە دیتمان "ژان ژاك ڕۆسۆ" سەرەتا بەشی هەرە زۆری بنەما سەرەکییەکانی خۆی لەسەر ئازادی و بەرانبەریی ماف بە شێوەی گشتی و بەربڵاو هێنایە بەر باس و پاشان ژنانی لەو خاڵانە جیا کردەوە. "جان ستوارت میل" سەرەڕای بڕوای بە ڕەسەنایەتیی تاك و بیری ئازادیخوازانەی خۆی، یەکێك لە گرینگترین فیلسوفە سیاسییە لیبراڵ و ئازاد بیرەکانە کە بنەمای ئازادی و بەرانبەریی مافی بۆ ژنان بەراشکاوی دەربڕیوە.

لێرەدا" تۆماس هابز" نمونەیەکی باش بۆ ئەوەیە کە چاوخشاندنێکی ڕۆشنبینانەی کورتمان بەسەر هێندێك لە بۆچوونە ئازادیخوازانەکانی ئەو لە بارەی نیوەی کۆمەڵی مرۆڤ واتە ژنان هەبێ.

توماس هابز

فەلسەفەی سیاسیی "هابز" لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە تەواوی مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی مافی بەرانبەریان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مافە بەرانبەرە توانایی بەرانبەریی هەر مرۆڤێك بۆ لەنێو بردن و کوشتنی ئەوی دیکەیە. بە واتایەکی ورتر" هابز" لە باسی دۆخی سروشتیی مرۆڤەکاندا، لە بەشی سێزدەهەمدا دەنووسێ: سروشتی مرۆڤەکان لە ڕوانگەی هێزی جەستەیی و فکرییەوە وەك یەك سازکراوە، دیارە ڕەنگە یەکێك لە ڕوانگەی جەستەییەوە بەهێزتر و لە ڕوانگەی فکرییەوە بیرمەندتر لە یەکێکی تر بێت، بەڵام کاتێك تەواوی ئەوانە بەیەکەوە لە بەرچاو بگرین، جیاوازییەکیان تێدا نابینین کە بە پێی ئەو کەسێك بتوانێ داوای سەریتیی زیاتر لە بەرامبەر ئەوی دیکە بکا و ئەوی دیکە هەر بەو ڕادەیە نەتوانێ وەها داوایەکی هەبێ.

لەبەر ئەوە کە لە ڕوانگەی هێزی جەستەییەوە، بە تواناترین مرۆڤ، هەر بەو ڕادەیە بەهێزە کە بێ تواناترین مرۆڤ لە ڕێگەی پیلانێکی شاراوە یان ڕێککەوتن لەگەڵ ئەوانەی کە هەروەك ئەو لە بەرامبەر وەها ترسێکدان. لەو پێوەندییەدا "هابز" بڕوای وابوو کە ژنانیش خاوەنی مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوانن. ئەو لە ڕەد کردنەوەی ئەو ڕوانگەیە کە لە حالەتی سروشتیدا، باوك وەك "ڕەگەزی سەرتر" دەسەڵاتی بە سەر منداڵانی خۆی دابێ و هەروەها لەسەر هێزی بەرامبەر بۆ کوشتنی خەڵکی، دەڵێ کە: بەو هۆیە کە لە پرۆسەی زاوزێدا خودا هاورێیەکی بۆ پیاو دیاری کردوە و باوك و دایك بەڕادەی یەك لە بە دونیا هێنانی منداڵ دا بەشدارن، بەو پێیە ئەو دەسەڵاتەی بە سەر منداڵدا هەیە دەبێ بە شێوەی بەرانبەر هی هەردووکیان بێ و منداڵ بە ڕادیەکی بەرامبەر ملکەچی هەردووکیان بێ، بەڵام ئەوە قەت بەڕێوەناچی چونکی کەس ناتوانێ فەرمانی دوو دەسەڵاتدار بەڕێوەبەرێ. سەرەڕای ئەوەی کە هێندێك دەستڕۆیشتن بە سەر منداڵدا بە مافی پیاوان وەك ڕەگەزی بەهێز دەزانن، بەڵام لەو بارەوە لە هەڵە دان بەو هۆیە کە هەموو کات ئەوەندە جیاوازی لە توانای بیری ژن و پیاودا نیە، کە بتوانێ بە هۆی ئەوەوە مافی دەستڕۆیشتن بەسەر منداڵدا دیاری بکرێ. هەروەها" هابز" ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنی کە کاتێك کە منداڵ لە منداڵدانی دایکدا دەبێ و پاشان دێتە دەرێ لە ڕاستیدا دایك خاوەن دەسەڵاتی سەرەکی و سروستیی ئەو منداڵەیە. " هابز " ئەرکی هێزی باوکان و دەسەڵاتی ئەوان



بە سەر بنەماڵەدا کە بە هۆی حکوومەتەکان دەسەلمێندرێ بەمجۆرە دەردەبڕێ کە: حکوومەتەکان کێشەی وەئەستۆگرتنی ئەرکی منداڵان کە بە هۆی دایك و باوکەوە ساز دەبێ، بە پێی یاسا مەدەنییەکان چارەسەر دەکەن و زۆربەی کات حوکمی یاسا بە قازانجی باوکان دەردەکرێ و بەو هۆیەکە حکوومەتەکان بە هۆی باوکانەوە ساز دەکرێن نەك دایکان. دیارە هەندێك کەموکووڕی لە بەڵگەهێنانەوەکانی هابزدا بەدی دەکرێ. بۆ وێنە چۆن لە لای " هابز" کە بۆ بەرانبەری تەواوی مرۆڤەکان بایەخ دادەنێ، نیوەی مرۆڤ واتە پیاوان لە کۆمەڵگا هەلێکی وایان بۆ دەرەخسێ کە دەوڵەت پێك بێنن، یاسا گەلێك گەڵاڵە و پەسەند بکەن کە دەتوانن بە هۆی ئەوەوە بە سەر نیوەی دیکەی کۆمەڵدا واتە ژنان دەسەڵاتداریتی بکەن. بە واتەیەکی دیکە ئەگەر ژنان خاوەنی مافی سروشتی و بنەڕەتیی دەسەڵاتداریتی بەسەر منداڵکانیاندا هەن ئەی چۆنە کە پیاوان لە حاڵەتی سروشتیدا دەبن بە باوك سالار و یاساش بە سوودی ئەوان پەسەند دەکرێت.

دوای مشتومڕێکی زۆر لە سەر ئەوە کە دایك و باوك بە شێوەی لۆژیکی خاوەنی دەسەڵات بە سەر منداڵەکانیان دان، هابز لە کتێبەکانیدا (Leviathan , Deceive)، بنەماڵە وەك بنکەیەکی باوکسالاری بەهێز دەناسێنی و دەنووسێ: لە ڕاستیدا بنەماڵەیەك پێکهاتووە لە پیاوێك و منداڵەکانی و کارکەرەکان، هەربۆیە باوك سەردارێکە کە مافی دەسەڵاتداریی هەیە. دەبینین کە لەو وتارەدا پیاو لە ڕاستیدا باوکسالارێکە کە مافی چاوەدێری و دەسەڵاتی پێدراوە و هابز ئەوی وەك یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو بردوە. لە ڕوانگەی هابزەوە دایك کە مافی دەسەلاتی سەرەتایی و بنەمایی بە سەر خۆی و منداڵەکانیدا هەیە بەبێ هیچ هۆیەك تەنانەت چاوپۆشی لە مافەکانی دەکرێ و باسی ئەو کت و پڕ لە باسەکانی هابزدا ون دەبن. تەنیا جارێکی دیکە لە زمانی هابزەوە باسێك لە سەر ژنان دێتە ئاراوە کە ئەو کورتە باسێکی لەسەر یاسا گشتییەکان هێناوەتە بەر باس. ئە لەوێدا دەڵێ کە بوونی بنەماڵەی باوکسالار وەك یەکەیەکی سروشتی کە لەودا باوکی بنەماڵە بە هۆی یاسای سروشت سەرداری نەگۆڕە بۆ هاوسەر و منداڵەکان پێویستە. هابز بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە هەوڵی داوە گرفتێك کە بە هۆی نابەرانبەری لە دابەشکردنی دەسەڵات لە بنەماڵەدا ڕووی داوەو بە کردەوەیەکی ناسروشتی لە نێوان ژن و پیاوی دەزانێ و چارەسەر کردنی کێشەکان نەك بە هۆی تێکهەڵچوونەوە، بەڵکوو بە قەناعەت پێهێنان دەزانێ و لە لایەکی دیکەوە باوەڕی بە بنەماڵەی باوکسالاری و مافی سروشتی و نەگۆڕی لە سەرەوەبوونی پیاو لە بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانی هەیە.

ئەو دژوازییانە گرفت گەلێکی لە فەلسەفەی سیاسیی " هابز"دا ساز کردوە بەو هۆیە کە ئەو ئامادە نەبووە کە ڕاشکاوانە باسی بەرامبەریی ژن و پیاو بێنێتە گۆڕێ و دەری بڕێ. ئەگەر بنەمای بیرو باوەڕی ئەو لە سەر ڕێزی مرۆڤ دانرابایە ئەو دەبوو مافی تاکی ژنێکی لەگەڵ پیاوێك بەرامبەر زانیبایە و هەروەك ئەوە کە پیاوانی بێهێز لەگەڵ پیاوانی بەهێز بەرامبەرن، ژنانیش ئەگەر وا دابندرێ کە بێ هێزیشن دیسان دەبوو لەگەڵ پیاوان مافی بەرامبەریان هەبێ.

هەر بەو هۆیەوە ڕوانگەی" هابز" لە سەر پێویستیی دەسەڵاتی پیاوان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو نەتوانێ ئاکامێکی لۆژیکی و باش لە باسەکانی خۆی وەرگرێ. لە سیستمی سیاسیی " هابز"دا هەنگاوی پڕ لە ترسی ئەو لەو بارەوە ئەوەبوو کە مافی بەرامبەری مرۆڤەکانی قبووڵ کرد و توانی سەرنجی گشتی بۆ لای بێبەشیی ژنان لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا ڕابکێشێ.

بەڵام قبوول کردنی مافی بەرامبەری مرۆڤەکان کە "هابز" باسی لێوە دەکرد لەگەڵ باوەڕ پێی بوون بە دەسەڵاتی پیاو لە بنەماڵەدا دژایەتیی ڕوونی هەبوو. شایانی باسە کە بەرامبەریی مرۆڤ کە "هابز" وەك بناغەدانەری مافی سیاسیی مرۆڤ، ویستوویەتی بە شێوەی لۆژیکی وەدەستی بێنێ بە هۆی باوەڕی ئەو بە بوونی سروشتی بوونی بنەماڵەی باوکسالاری لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ ناکرێ و گرفتی بنەڕەتیی فەلسەفەی سیاسیی " هابز" و تیۆری ڕادیکاڵی ئەو بەرامبەر مافی نابەرامبەری ژنان لەو شتەدا جێی گرتوە.

لە قامووسی فیمینیزمدا

(٢٥)

وەرگێڕانی: ب.هانا

ڕەخنەی فیمینیستی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی
Anglo - Amwrican Feminist Criticism

پێداگرتن لە سەر بایەخی ئەزموونی ژنانە ـ لە بارەی سەرکوت و نامۆییەوە ـ کە لە بزووتنەوەی ژنان دا بایەخێکی تەوەریی هەیە، لە زمانی ئاکادیمیدا وەك پێکهێنانی جۆرێك بێزاریی فیمینیستی لە تیۆریی ئەدەبیی مۆدێرن، واتا کراوەتەوە، چونکە لە تیۆریی ئەدەبیی مۆدێرن دا ئەزموونی نێو دەق، زەق کراوەتەوە، ئەزموونی پشت دەق وەلانراوە. ئالین شووالتێر، ڕەخنەگرو نوێنەری فیمینیزمی ئاکادیمی و کلاسیکی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی ئەوەی بۆخۆی وەك "تیۆریی ڕەخنەی نێرینە" ناوی دەباو، هەروەها دڵەڕاوکێی فیمینیستی بۆ ڕاستکردنەوە، کاملکردن و پێداچوونەوەی بەچاوی گومانەوە لێیان دەڕوانێ. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، قارەمانانی نێرینەی بزووتنەوە پاش پێکهاتەگەری، "باوکانی سپی" و ئەربابانێکن کە فیمینیزم دەبێ لێیان ڕابکاو سیستەم، تێۆرو دەنگی خۆی بدۆزێتەوە. ڕەخنەگرانی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی وەك شووالتێر خوازیاری ڕێگا نوێیەکانی خوێندنەوەی ئەو دەقە فیمینیستییانەن کە هەم ئەزموونی گونجاو لەوان دا بگرێتەوە، هەم نەریتی نووسەریی ژنان کە ئەم ئەزموونانەش بە بەشێك لەو دادەنرێ. ئانت کولودنی لە نووسینەکەی "پلانێك بۆ خوێندنەوەی دووبارە" (١٩٨٠)دا، ئەم پرۆسەیە وەك "خوێندنەوەی دووبارە، وێڕای چاو پێداخشاندنەوەی قووڵ" ناو دەبا. بەڵام شووالتێر زاراوەی "ڕەخنەی ژنانە"ی داهێناوە.

قوتابخانەی ڕەخنەی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی دەبێ سەبارەت بە جێگیرکردنی ڕەخنەی فیمینیستی لە تۆیی لقێکی جیاوازی زانستگەدا، بە چاوی ئیعتبارەوە لێی بڕوانین. لەگەڵ ئەوەش دا، ئەگەرچی لە مەیداندابوونی بە هاسانیی ئەم ڕەخنەیە، درێژەی کاریگەریەکەی دەستەبەر دەکا، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا وادێتە بەرچاو کە لەگەڵ کاریگەریی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ڕەخنەی فیمینیستیی کارتێکراو لە لایەن تێۆریی پاش پێکهاتەگەریی و پێکهاتەشکێنەوە، بەرەوروویە کە هەوڵ دەدا ئەو بوارانەی خودی شوناسی ژنانەیان لەسەر بنیات نراوە، بباتە ژێر پرسیار. لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانێکی وەك هێلێن سیکسو، لوس ئیریگاری و ژولیا کریستوا (و زۆر کەسی دیکەش)، کەسی مێینە لە نێو دەق داو بە هۆی دەقەوە، دروست دەبێ، دەقێك کە ئیتر وەك واسیتەیەکی ڕوون کە بە هۆی ئەوەوە ئەزموون و مێژووی ژنان بە بێ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ گرفت ڕابگوێزرێ، ئەرکێکی لە سەر شان نیە. دەقێك کە لە وێناکردنی جیاوازیەکانی نێوان فیمینیزمی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی و تیۆریی فیمینیستیی فەرانسەیی دا، گرنگیەکی تایبەتی هەیە، "سیاسەتی جینسی/ دەقی sexual/Textual Politics (١٩٨٥)ی "توریل موی"یە.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریه‌های فمینیستی"
نووسینی: مەگی هام، سارا گەمبل
وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی

لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە

KURDISTAN

The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran

No: 453 17 Jan 2007

مالپەری ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆری جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

چیاکانی کوردستان

چەنگ ئەڵماس Chang Allmas

یەکێکی دیکە لە بەرزاییەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس، چەنگ ئەڵماسە. بەرزایی ئەم چیایە ٢٥٢٥ مێترەو، لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری بیجارِ هەڵکەوتوە. دیمەنی بەرزو دڵڕفێنی چەنگ ئەڵماس، لەگەڵ دیمەنی چیا سەرکەشەکانی وەك "چەم چەقا"و "هەمزە عەرەب" ئاوێتە بووە.

بۆ سەرکەوتن لە ترۆپکی ئەم چیایە دوو ڕێگا هەیە، یەکیان ڕێگای ئاوایی "نیوەر"، ئەوەی دیکە ڕێگای ئاوایی "زەنبیل" کە لە ٥٠کیلۆمیتریی بیجارە. ئاوە وەرزیو هەمیشەییە چیای چەنگ ئەڵماس، دەچنەوە نێو چۆمی "قزڵ ئۆزۆن".

چەنگ ئەڵماس چەشنی دیوارێك، کە درێژاییەکەی ١٩ کیلۆمیترو بەرینایییەکەی ٥کیلۆمیترە، لە دۆڵی چەمی تالوار، لە رۆژئاوا تا ئاوایی "پیرتاج"ی گرتوە.

ناوچەی "میهرەبان" کەوتۆتە سنووری نێوان پارێزگەکانی کوردستانو هەمەدان، ئاوایییەکانی "هومایوون"، "زەنبیل"، پیرتاج" "چەشمە ئادینە"، "چەنگ ئەڵماس"، حەسەن تەیموورو...، بەرزایی چەنگ ئەڵماسیان وەك نقیمێك لە دڵی خۆیاندا راگرتوە.

لە چەمە بەناوبانگەکانی دەوروبەری چیای چەنگ ئەڵماس، دەتوانین "تالوار"و "ئاقبلاغ چای" ناو بەرین.

بەرانە کێوی، مەڕی هەرمەنی، گورگی ئاسیایی، کەمتیار، ڕێوی‌و کەروێشك لەو گیانلەبەرانەن کە لەم چیایە دەژین. لە باڵندەکانی ئەم چیایەش دەتوانین قەلەڕەش، هەڵۆو کەو ناو ببەین. مار، مارمێلکە، کیسەڵو زۆر جۆری دیکەی خشۆك لەم چیایە هەن.

جۆرەکانی گوێنی، "گندمیان"ی یەکساڵە، بەڵاڵووك‌و، بادامی کێوی لە گرینگترین دارو رووەکەکانی ئەم چیایەن.

ماوەی سەرکەوتن (چوون‌و گەڕانەوە) لەم چیایە، ٤سەعات دەخایەنێ.

سەرچاوە: کتێبی: جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوەها (دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان، دەفتەری یەکەم، چیاکان)
ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەد بەیگی

کۆتایی هاتنی پێنجەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی نۆرووێژ

ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٧/١/٦، سەعات ١٣/٠٠ لەساڵۆنی دەبیرستانی "سترۆمپن"ی ناوچەی سترۆمپن هەڵکەوتوو لە ١٥ کیلۆمیتریی شاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆرووێژ، پێنجەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوی " ریفۆرم‌و نوێبوونەوە" بە بەشداری ٨٠ نوێنەرو هەروەها نوێنەرایەتیی کومیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، سوئێد، فینلاندو دانمارك‌و نوێنەری کۆمیتەی ئورووپای حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەیئەتی نوێنەرایەتیی چەند ڕێکخراوی دۆست دەستی بە کارەکانی کرد. جێگای ئاماژەپێ کردنە کە دروشمی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە " پشتیوانی لە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوان دەکەین‌و بۆ جێبەجێکردن‌و بەڕێوەبردنی بڕیارو راسپاردەکانی تێدەکۆشین".

پێویستە بگوترێ کە دەیان پەیامی پیرۆزبایی‌و پشتیوانی لەلایەن کومیتەکانی حیزب‌و لاوانەوەو هەروەها ڕێکخراوە کوردستانی‌و بیانییەکانی لاوان بۆ ئەو کۆنفرانسە هاتبوون.

لە بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانسەکەدا راپۆرتی کاروباری کۆمیتە خوێندرایەوە. دواتر بەڕێز سەلاح عەبدوڵڵاپوور بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات باسێکی گشتی پێشکەش کرد. بەڕێز عەبدوڵڵاپوور جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لاوان گەشبینن بە نوێ بوونەوەی حیزبەکەیان‌و هێزی لاوانیشی بە بەشێکی کارا لەم نوێ بوونەوەیە زانی. بەشی سێهەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بۆ قسەکردن لەسەر راپۆرت‌و رەخنە و پێشنیارەکان‌و وەزعیەتی لاوان بە گشتی دوای لەتبوونی حیزب. لاوەکان زۆر چالاکانە بەشدارییان تێدا کردو نەزەرات‌و بۆچوونی خۆیان دەربڕی. دوای باس‌و لێدوانێکی گشتگیر و هەمەلایەنەو وڵامدانەوەی پرسیارەکان لە لایەن بەرپرسانەوە، راپۆرتی کاروچالاکیی دەستەی بەڕێوەبەری بە زۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

بەشی چوارەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بە هەڵبژاردنەکان. لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیك دا، ٧کەس وەك ئەندامی ئەسلی‌و ٤کەس وەك ئەندامی جێگری کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتی نۆرووێژ هەڵبژێردران.

بەشی کۆتایی تایبەت بوو بە گۆرانی و هەڵپەرکێ بە بەشداری هونەرمەندانی لاو:١ـ ئەفشین خزری ٢ـ رامین شێنانی ٣ـ کاروخ عەبدوڵڵاپوور ٤ـ سیاوەش ماملێ ٥ـ جەمال قادری ٦ـ سیروان کورد پوور ٧ـ هەردی یوسفی. دوای نزیك بە هەشت سەعات کاری بەردەوام، کۆنفرانس سەرکەوتووانەو لەنێو چەپڵە ڕێزانی لاوانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

بەڕێوەچوونی یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە نۆرووێژ

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٢ لە نۆرووێژ بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان و دۆستانی حیزب و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کولتووریەکان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بۆ یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەیرەقیب و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی رزگاری کوردستان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز مستەفا شەڵماشی، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

دواتر کاك ئازاد رۆستەمی پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرووێژی خوێندەوە. نزیك بە ٢٠ حیزب ورێکخراوی سیاسی و کولتووریی کوردستانی و نۆرووێژی بروسکە و پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەم یادە ناردبوو کە بەشێکیان لە لایەن نوێنەرانی خۆیانەوە خوێندرانەوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا حاجی حوسێنی حەداد پارچە شێعرێکی پێشکەش کرد. پاشان ڕێز لە سێ تێکۆشەری دێرین نرا و چەپکە گولیان پێشکەش کرا.

لە دوا بەشی ئەم بەرنامەدا هونەرمەندانی دەنگخۆش خوسرەو ماملێ، رۆژ کەریم، هێدی قادری و پیران قدرزادە بە گۆرانی و کێژان و کوڕانی بە هەست بە هەڵپەڕکێ ڕێورەسمەکەیان رازاندەوە.

مرواریی دەریای وشە

* پەروەردەو فێرکردن دیارە گرنگە، بەڵام ژیان زۆر لەو گرنگترە. هەر بۆیە ئامانجی پەروەردەو فێرکردنی راستەقینە، دەبێ لە پلەی یەکەمدا باشتر کردنی ژیان بێ.
(جان دیوی)

* هیچ بەختیاریەك بە قەرا ئاسوودەیی بیرو دڵ، گەورە نیە. **(سێنت فرانسوا)**

* تەنیا گەورەیی ئەخلاقی‌و رۆحی بەڵگەیە بۆ گەورەیی کەسەکان. مردن کە هەموو شتێك لە ناو دەبا، بەرێزەوە ئەم گەورەییە دەپارێزێ.
(بیسمارك)

* ئەگەر قسەکانت، ئیرادەو کردەوەی لەگەڵ دا نەبێ، ئەدی چلۆن قەدرو نرخی تۆ تێبگەین. **(فریدریك شیلێر)**

بەر لەماڵاوایی

"کوردستان" لەبەردەم قۆناغێکی نوێدا

قادر وریا

بەفرانبارو ڕێبەندانی هەر ساڵێك، لە بیرەوەریی "کوردستان"و یاران‌و ئۆگرانی ئاشنا بە سەربردەو تێکەڵ بە خۆشی‌و ناخۆشییەکانی ئەم رۆژنامەیەدا، جێگایەکی تایبەتیان هەیە. یەکەم ژمارەی "کوردستان"ی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، کەمتر لە دوو حەوتوو پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبۆتەوە. یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی ئێستای "کوردستان"ی ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و درێژەی "کوردستان"ی یادگاری پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستانیش لە کۆتایی ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی دا بڵاوبۆتەوە. ڕەنگە ئەم ژمارەیەی کوردستان (ژمارە ٤٥٣) کە لە دوارۆژەکانی مانگی بەفرانبارو لە دەروازەی مانگی ڕێبەندان‌و یادی ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا بڵاو دەبێتەوە، بۆ یادکردنەوەی لەم بیرەوەرییە خۆشانە، گونجاو بێ.

کوردستانی نیشتمان‌و وڵاتی باب‌و باپیران‌و دایك‌و داپیرانمان، پاش تێپەڕ کردنی زۆر قۆناغی تاڵ‌و سەخت‌و پشت راست کردنەوە لە بن باری ستەمی داگیرکەران‌و زۆردارانی دژ بە کورد، ئێستا لە بەشێکیدا بە تیشکی ئازادی گەشاوەتەوە، لە بەشەکانی دیکەیدا شایەدی خەباتێکی بەرین‌و بێبڕانەوە بۆ گەیشتن بە سەربەستییە. هەر بەم جۆرە "کوردستان"ی یادگاری سەرکۆماری شەهیدو کۆماری جوانەمەرگ، دوکتور قاسملووی بلیمەت، دوکتور شەرەفکەندیی زاناو دەیان کەسایەتیی خەباتگێڕو روناکبیریش، زۆر قۆناغی سەختی تێپەڕاندوەو، لە زۆر کەندو کۆسپان سەرکەوتوەو، بە سەربەرزییەوە پێی ناوەتە قۆناغی نوێی ژیانی.

ئەگەر بڵاوکردنەوەی بیری حیزبێك کە کۆماری کوردستانی دامەزراندوەو دەسەڵاتێکی مۆدێرنی کوردیی بەڕێوە بردوە، بۆ دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەی "کوردستان" شانازییەکی گەورەیە، بۆ دەورەی ئێستای ئەم ڕۆژنامەیەش مایەی سەربەرزییە کە هەروا وەك ئورگانی هەمان حیزب ماوەتەوەو، ئامانجەکانی ئەو کۆمارەو بیروباوەڕی درێژەدەرانی ڕێگای پێشەواو هەڵگرانی پەیامی کوردستانی، بە شارو گوندەکانی کوردستان‌و بە نێو کۆڕو کۆمەڵی کوردەکان لە هەر شوێنێکی دنیا دا بڵاو کردۆتەوە.

٣٦ ساڵ لەمەوبەر کە دوکتور قاسملووی نەمرو کۆمەڵێك لە خەباتکارانی بەوەجی ئەم حیزبە، بە دوور لە زێدو مەوتەنی ئەسڵی "کوردستان"، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان زیندوو کردەوەو، بەردی بناغەی دەورەیەکی نوێی ئەم ڕۆژنامەیان دانا، ـ هەروا کە بە پێشەکیی یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەوە دیارە ـ ڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەیەیان لە بوژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی لە سەردەمی کۆمار دا دەزانی‌و، لەوەش ئاگادار بوون کە "کوردستان" دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی لە تێکۆشانی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات‌و لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران دا هەبێ. ئەگەر دوکتوری شەهیدو ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی ئەو کات بۆ "کوردستان"یان دەنووسی یا هاوکارییان دەکرد (وەك شادرەوان کەریمی حیسامی، شادرەوان مامۆستا هێمن، جوانەمەرگ جەلال میراوەیی) لە ژیان دا نەماون، بە خۆشی‌یەوە لە ریزی یاران‌و ئۆگرانی "کوردستان"دا هێشتا کەسانێك هەن کە لەوکات ڕاو، تەنانەت بەر لەو کاتیش لەگەڵ "کوردستان" ژیاون‌و خۆشەویستیی ئەم ڕۆژنامەیەو دەستاودەست کردنی بە نهێنیی ئەویان لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوە بندەستەکەیان دا بە چاوی خۆیان دیوە. لەمەش زیاتر لە بەردەوامیی ئەم ڕۆژنامەیەو ڕاگوێزتنی پەیامی پێشەواو ڕێبەرانی شەهیدو نەسلەکانی پێشووی خەباتگێڕانی دیموکرات و گەلی کوردا بۆ نەسڵی ئەمڕۆ، ڕۆڵی شیاوی ڕێزیان هەبووە. بەڵام لەوەش خۆشتر ئەوەیە کە "کوردستان" هەموو کات ئەوەندەی قوتابی هەبوون‌و پێگەیاندوون کە بەردەوامیی ئەم ڕۆژنامەیەو گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان دا دەستەبەر بکەن.

ئێستا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان‌و، لێبڕاوە ئاڵوگۆڕی تەواوو هەموولاگیر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان‌و تێکۆشانی خۆی دا پێك بێنێ، "کوردستان" پێویستەو دەبێ ڕێخۆشکەرو بوار ڕەخسێنەری نوێبوونەوەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نێو حیزب دا بێ. بۆ ئەم مەبەستە لە پێش دا پێویستە فۆرم‌و نێوەرۆك‌و جۆری بەڕێوەبردن‌و ماوەی دەرچوونی خۆی لەگەڵ ئەم ئەرکە پێویستەدا بگونجێنێ. پاشان دەبێ ببێتە تریبوون‌و دەنگی هەموو ئەو کەس‌و لایەنانەی نێوخۆو دەرەوەی حیزب کە داواکاری نوێبوونەوەی ئەم حیزبەن‌و، دەیانەوێ ئەم حیزبە وەڵامدەری چاوەڕوانی‌یەکانی ئەمڕۆی فکرە تازەکان‌و ئینسانە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ بێ. ئێمە ئەو کەسانەی بەرپرسایەتی‌و ڕۆڵمان لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەیە، بەش بەحاڵی خۆمان بوارو ئامادەیی پێکهێنانی ئەوەندە گۆڕانەی دەکەوێتە سەرشانی خۆمان، بەدی دەکەین. بەڵام بەشێکی دیکە لە پێویستی‌یەکانی پێکهێنانی گۆڕانێکی ئەوتۆ، دەگەڕێتەوە سەر شانی خاوەنانی ئەو فکرو قەڵەمانە کە حیزبی دیموکراتێکی وەڵامدەری پێویستی‌و چاوەڕوانی‌یەکانی ئەمڕۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەوێ. ئێمە هەست بە قورسایی ئەرکی سەرشانی خۆمان لە قۆناغی نوێی ژیان‌و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و "کوردستان"ی ئۆرگانی ئەم حیزبە دا دەکەین, هەر لەم کاتەش دا بە هاوکاریی فکرو قەڵەمە نوێیەکان هیوادارین.